


گۆڤارێکی وەرزی ڕوناکبیری گشتی یە ، کومیتەی ئوروپای سازمانی خەبات،ی کوردستانی ئێران، بڵاوی دەکاتەوە




## بۆچی ساوان ؟!

**ساوان**، قەڵای قایمی تێکۆشان ، مەکۆی نەبەردی و نەوەستان . لانکەی فیداکاری و خەبات ، بیشەی شێرە پێشمەرگەی کورد . وارگەی سەروەرانی خەبات، ئەوانەی بۆ گەل بوون خەڵات . مەڵبەندی پیاوی زاناو ژیر، مامۆستای وەستا و بە تەگبیر . مامۆستا ڕەئوفی کورد بێژ، پیاوی دانستە و بەڕاوێژ. جێی سانەوەی دڵپاکەکان، زێدی مرۆڤە چاکەکان. مایەی شانازی و خۆڕانان، جوانترین گوندی نیشتمان . بەهار هاوین، پاییز زستان، دڵگیرە گوندەکەی ساوان. مەکۆی شەهید غەزالی شۆخ هەڵمەتی باوەڕ گەش و تۆخ . حەمەڕەش و ئەحمەدی لاو ، قادر قارەمانی دڵسۆز ، زاهیری ژیر تاهیری قۆز . شەهیدانی ڕێگای پیرۆز . لەداوێنی دڵڕفێن و لاوێن وبژوێنی، وەزەنێ و سەرتوون وبەردەکل و سەرچاوە و دەراوی ئاوەسپی هەڵکەوتوە، کە لەلای خەباتیەکان و خەڵکی ناوچە بە گوندی شەهیدان ناسراوە. لەوناوەدا وەک ڕوگەیێکی پیرۆز، تاجی سەربەرزی و شانازی شەهیدانی لە سەر ناوە. ڕاستە هەر گوند و باژێر و مەڵبەند و دەڤەرێکی ئەم کوردستانە هەوارگەو مەزارگەی شەهیدانە و لە چاو ئێمەوە ساوانە!، بەڵام ساوان ی تاقانە، هەر ساوانە و هەر ساوانە!!. بۆیە جێگای لە ناو دڵ و سەرسەرانە و خۆشەویستر لەچاوانە !. ئێمەش هەر بەم تێڕامانە، کردمانە ڕەمز و نیشانە. کردمانە سیپارێکی نوێ، گۆڤارێکی ڕووناکبیری، لە پێناو زانیاری و ژیری. وەک وەفایێک بۆ شەهیدان باسی سەر زمان و زار بێ . دڵی دڵسۆزانی پێ شاد چاوی دژمنی پێ تار بێ . دەسا تۆ مرۆی خاوەن بیر ، ڕووناکبیری بەهەست و ژیر!! ساوان بکە وارگەی نووسین، بۆ زانیاری و بۆ خۆ ناسین.! دەستاو دەستی کە و وەیخوێنە . بەناردنی ڕەخنە و پێشنیار گەشەی پێ بدە و بیخەملێنە ، بۆ نواندنی هەست و بیرت بیکەرە جام و ئاوێنە . بێ بەشمان مەکە لەبەرهەم ، بنێرە چ زۆر و چ کەم. ئێمەش وەک گۆڤاری ساوان، دەیخەینە سەر دڵ و چاوان. لەگەڵ سڵاوی بێ پایان، دەستەی نووسەرانی ســـــاوان.

### سەرووتار

# ئەركی ڕاگەیاندن لە كۆمەڵگا دا!

وە ک دەزانین هەموو دەوڵەت و دەسەڵاتەکان،

چ گەورە و چ چـــووک، لە گشت سیســــتەمە رامیاریەکاندا هـــەوڵ دەدەن کە، ســـەرنجی خەڵک بۆلای سیستەم و دەســـەڵاتی خـــۆ یـــا ن راکێشن و جەماوەری خەڵک پشـــــتیوانیان لێبکەن وبـۆ چوون و بەرنامەکانیان قەبـــوڵ کـــەن. بۆئەم کارەش کەرەســـتە و ئامرازێک پێویستە . کە بەرچاوترینی ئەو ئامـــــرازانە ،کەرەستە و ئامرازی پێوەندیە گشتیەکان واتە راگەیاندنـە، کە وابوو تەنـــــیا رێگای دەست راگەیـــشتن بە کۆمـــەڵانی هەراوی خـــەڵک، راگەیاندنە وەک( *رۆژنامە و رادیۆ و تەلەڤیزیۆن*). راگەیاندن لە ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایـــەتی دا دەوری سەرەکی و بەرچاو دەگێرێ. دەولـــەت و دەســــەڵات ســــیاسەت و کارو هەڵســـوڕان وچۆنیەتی بەرێـــــوە بردنی وڵات، لە رێگای راگەیاندنەوە دەگـــەێننە خـــەڵک و دنـــیای دەرەوە. لە نیزام و دەسەڵاتە دیکـــتاتۆر و دژی گەلـــــیەکاندا، راگەیـــاندن، هەمـــوو ئاکار و کردارێکی لــــــە ژێرکۆنتڕۆڵ و چـــاوەدێـــری دەســــــەڵات دایـــە و دەوڵـــــەت لە رێگای راگەیاندنەوە بـــیر و بۆ چوونە نـــاڕەوا ودژی مرۆڤ ودوور لـــــــە راستیـــــــەکانی خۆی، دەگوێزێتەوە بۆ ناو خـــــەڵک و بەم هۆیەوە تۆوی تـــرس و تۆقاندن، دەچێنێ وکارێک دەکا کە کەس باوەڕی بە راگەیاندن نەبێ وبە هـــی خۆی و بۆ خـــۆی نەزانی. رۆژنامـــــــە وان و نووســـەر و روناکـــــبیران و هــــــەر ئۆرگان و ناوەندێکی راگەیاندن و رۆژنامـــــەگەری کە دژ بە بەرنامە و بەرژەوەندی وهەڵس و کەوتـــــی دەسەڵاتی ستەمگەر ، هەڵـــــس و کەوت بـــکا و دژکردەوە بنوێنـــێ ، دادەخرێن و مۆڵەتی کار و چالاکـــــیان پێ نادرێ و بـــەرێـــــــوەبـــەر و هەڵسوڕێنەرانیان دەست بەسەر و شوێـــنە ون دەکـرێن. وەک چۆن لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتـی رەشی ئاخونـــــدی دا باوە. لە ئێرانـی وێرانـی دەستی ئاخوندی عابالەبـــــەری مەندیل رەش لەسەری لەویژادن دین بێ خەبەری ئەمـڕۆدا



ڕۆژ نیە قەڵەم نەشكێنن و خاوەن قەڵەم و رووناكبـــــیر و چالاكی مەدەنی و ژیانی ئازاد ، بە بیانووی جۆراوجۆر نە گیرێن و ناوەند و رۆژنامەكانـــیان دانەخرێن و بـــۆ خۆشیـــان توشـــی كارەساتی دوور لە هەڵس و كــــەوتی مرۆڤایەتی نەبنـــەوە! بـــەڵام ئەوەی كە لێرەدا جێگای باسی ئێمـــەیە ئەوەیە كە، لەسیستەمە دیموكراتەكاندا، راگەیاندن ئەركیكی گرینگتری لە سەرشانە ، لەوەی كە كەرەستەیـــكی تایبەت بۆ پڕو پاگەندە و پەرەپێدانی دەسەڵاتی دەوڵەت و دەســـەڵات بـــێ! لەسیستەمە دێموكڕاتـــەكاندا، ئەركی راگەیاندن ئەوەیە كـــە هەر كردەوە و هەڵـــس و كەوتێكـــی دەولەت و دەسەڵات بخاتە ژێر چاوەدێری و بە بـــێ سڵ كردن لە دەسەڵات، كاری خـــۆی بكات، كە زانـــیاری و ئاگاداری گەیاندنە بە خەڵك و دابیـــنكردنی سەكۆ و تریبوونی ئازاد بـــۆ بـــاســـە سیاسی و كێشە كۆمالایەتی و ئابـــوری و زانستیەكان و، هەوڵ دان بۆ دروست كردنی مەجال و دەرفەتێك بۆ گەیاندنی دەنگ و خـــواستـــــی جەماوەر بە بیر و رای گشتی و گوشار خستنە ســــــەر دەوڵەت و دەسەڵات. ئەوەی كە جێگای سەرنـــجە و دەبـــێ لە بەرچاو بگیرێ ئەوەیە كە،مێدیا واتـــە راگەیانـــــدن ئەو كاتە دەتوانی ئەركی خۆی بە شێوەێكـــی تە واو و دێموكڕاسیانە بەرێوە بەرێ، كە بە تەواوی سەربەخۆ بـــێ و لە دەسەڵاتی دەسەڵاتدار وبەرژەوەندی تاقـــم و تاك، بە دوور بـــێ. چـــونكە ئەگەر وانەبێ، دەسەڵاتی دەسەڵاتدار جـــاچ دەوڵـــــەت یان هــــەر ناوەنــــد و رێكخراوێكی تر، بەســــەر ئەو بەشە لە راگەیاندن كـــە بەدەرماڵە وخەرجی دەسەڵات و دەوڵـــەت بەرێوە دەچـــێ، وای لێبكا كە لە بـەرانبەر دەستە و تاقمێكی، بێ لایەن یان نوێنەری چین و توێژێكی جیـــاوازی جەمـــاوەر، هەڵوێست بگرن و رێگای دروست بوونی مل ملانێ لەگەڵ میدیا وراگەێنە تایبەتیە سەربەخۆكان، بەرتەسك وەكەن.

دەسەڵاتی پەراستنی بەرژەوەنـدی تایبەت بەسەر راگەیاندن دا دەكـــرێ بە بەرتەنـگ كردنەوەی مافـی ئیمتیاز و بەكار هێنانی قـەول و قەراراتی تر ، بەری پێ بگیرێ . بەڵام هیـچكام لەم هەنگاوانە ، دەوری بێلایەن وكاریگەری راگەیاندنـــی لە هەمبەر دیموكراسـی دا دەســـتەبەر ناكەن. بەڵكو ئەوە سەر بەخۆیی و ژیری چینی رووناكبـــیر و رۆژنامەگەری و، لێهاتویی وراستبێژی وئازادیخوازی ، سەر نووسەر و بەڕێوەبەری.....درێژەی ووتار ل،3





بڵاوکراوە و ڕاگەیێنەکانە، بۆ بردنە پێشی ئەو ڕەوتەو پەرەپێدانی. کاریگەری ڕاگەیاندن لە سەر دەسەڵات و بردنەسەری پلەی زایناری خەڵک وهاندانیان بۆ خەبات و تێکۆشان لە دژی پێشێل کاری وئازادی کوژی وخواست و داوا بە هێند نەگرتن لە لایەن دەسەڵاتەوە، ئەرکی سەرەکی مێدیایە. ڕاگەیێنەکان بێجگە لە گواستنەوەی زانیاری و هەواڵ لە کاناڵ و ڕێگە غەیرە دەوڵەتیەکانەوە، دەبێ کەش وهەوای پێک هێنانی سە کۆ و میمبەری ئازادیش بۆ باس و خواس و وت و وێژی گشتی ئامادە بکەن. بە شێوەێک کە بەرپرس و کەسایەتی وکاربەدەستانی دەوڵەتی و دەسەڵاتدار، لەو سەکۆ و میمبەرەوە وڵامدەری ویست و داخوازیەکانی خەڵک بن و لەم ڕێگایەوە ،، جەماوەر بە هەموو چین و توێژەکانیەوە،، وڵامی دڵخوازی خۆیان دەستکەوێ و بە چارەسەری کێشە و داواکانیان بگەن. ڕاگەیاندن پارێزەری بەرژەوەندی گشتین، هەر بۆیە دەبێ زۆر ڕاستگۆیانە وەک ئامرازێکی سەربەخۆ و نەبەستراوە بە دەسەڵاتەوە کار بکەن . لەو کاتەدا کە نابێ بچنە ناو ژیانی تایبەتی خەڵک و دەستی تێوەردەن، لەسەریانە ئاگاداری تەواو بەشێوە و شێوازێکی هەمەلایەنە لە پیناو بەرژەوەندی گشتی بخەنە بەر دەست ودیدەی خەڵك و خەڵکیش مافی ئەوەیان هەبێ کە بەبێ کێشەو لەمپەر وکۆسپ، دەستیان بەوان رابگات . ئەگەر وانەبێ ناتوانن ڕۆڵی بەر چاو وسەرەکی خۆیان کە پارێزەری لە بەرژەوەندی گشتی یە، بگێڕن و ئەرکی خۆیان بەجێ بێنن چونکە کاکڵە وجەوهەری دێموکڕاسی ئەوەیە کە هەر هاوولاتیەک مافی ئەوەی هەیە بەشێوەی ئازاد بیر و بۆچوونی خۆی بە و لەمپەر خستنە سەر ڕێی. لە کۆمەڵگای ئازاد و دێموکڕات دا ئەم باسە بەو مانایەیە کە ڕاگەیێنە گشتیەکان دەبێ سەر بە خۆیی خۆیان بپارێزن و لە چوارچێوەی دەستورێک کە بۆ پاراستنی ئابڕو و ئاسایشی تاکەکان و کۆمەڵ، دیاری کراوە ، کاربکەن و ڕەخنە و گازندەی خەڵک لە دەوڵەت و دەسەڵات بگەیننە ڕای گشتی و لە پێناو گەیشتن بە ئازادی و دەست ڕاگەیشتن بە زانیاری، کە کراوەیی و شەفافیەتی دەوڵەت و دەسەڵات لە کۆمەڵگای دێموکڕات دا بە هێز دەکا، هەنگاو بنێن. دەبێ خەلکێ هان بدەن بۆ کۆڕ و کۆبوونەوەی ئازاد. چونکە بەبێ دەستەبەر کردنی ئازادی خەڵک بۆ پێکهێنانی کۆڕ و کۆمەڵ و کۆبوونەوە و گۆڕینەوەی بیر وڕا لە سەر بابەتە کۆمەلایەتی و سیاسی وئابووری فەرهەنگی و کەلتوریەکان و پێکهێنانی کۆمەڵە و یەکیەتی پیشەیی و شتی لەم بابەتە و پێک هێنانی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و بەشداری کردن لەوان دا و مافی بەڕێوەبردنی جەماوەر لە ڕێپێوان و نارەزایەتی دەربرین و پێراگەیشتن بە خۆاستەکانیان، دێموکڕاسی ناتوانێ لە لە کۆمەڵگادا دەوەری خۆی بگێڕێ. هەربۆیە دەتوانین بلێن کە دەسەڵاتی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگای دێموکرات دا دەورێکی بەهێز و بەرچاو و پۆزەتیڤی هەیە.

## یەکگرتنی وزە و توانا و پیشەمان دەبێتە هۆی سەرخستنی ئەم چینەمان

جەلال خۆشکەلام



گەلی کوردی هەژار و نەدار، گەلێ جاران ڕیسەی لێ بۆتەوە خوری و ئەوەی وەسەر یەکی ناوە لێی ڕوخاوە، لێی سوتاوە و لێی دزراوە. کورد گەورەترین نەتەوەی بێ وولات و نەخشە و دەنگن، لەمێژووی بەشەریەت دا تێکۆشەروکۆڵنەدەرو چەوساوەترین میللەت چاویان لێکراوە و لێدەکرێ. زەنای سۆزو سکالای کورد لەسەر ئەو زوڵم و زۆری و ناحەقیەیی کە لەگەڵی کراوە و دەکرێ دەرگایی گەلێک بەردەرک و هەیوانی کوتاوە و دڵی گەلێ لە مرۆڤ دۆست و یەکسان پەرستانی تاساندوە. وەکو شەماڵی ساردی ئێوارەیەک چۆلەکەی پاساری گەلێک دەڤەری لێک کۆکردۆتەوە و لەبن بێسوانی خانەی چۆڵی بێ هەوار و بێ ژوانی دڵدارانی مرۆڤ دۆستاندا وەدەنگی هێناوون و دەیان دوێنێ. گەرچی ئەم چۆلەکە بێ سنوورانە کەم دەبینرێن، کەم دەبیسرێن، بەڵام بوونیان دڵخۆشکەرە. ڕەوابوونی دارستان گەر دەسکردیش بیانشێوێنێ هەر دەمێنن. چوونکە لەجێگەیان هەزارەها داری سەربڕاو، ڕەگ و ڕیشەی تازە ژیاوە بەدی دەکرێن. ڕەوابوونی ڕووبارەکان، گەر ناحەزانیش ئاقارەکانیان بگۆڕێ، شوێنەواریان هەر دەمێنێ. چوونکە لە جێگەیان خاکی سنگ دا دڕاو، وردە زیخی بەجێماو دەبینین. هێندەی مێژووی دارستان و ڕووبارەکان ،مێژووی کورد و کوردستانیش ڕوون و ڕەوایە. کورد هەزاران ساڵە بەدەست سنووری دەسکردی ناحەزانەوە سنووری وولاتەکەی لەدڵیا دەنەخشێنێ. بەخوێنی شەهید و فیداکارانی ڕەنگی سووری ئالای دەخەملێنێ. سوێند بەپاکی و باوەڕی سپی و ئاشتیانەی دەخوا و، خۆری ئازادی لەچاویا سەردەردێنێ. لەبێشەلان و دەم کەناری قەدو لاپاڵی چیاکانیا، لەدەشتایی ڕووت و سافیا، ڕەنگی سەوزی ئاوەدانی، خەیاڵی ژیانەوە و هەستانەوەی وەک داستانی وەرزی بەهار لەسەر سنگی مێژوو دەنووسێ و دەڵێ:

من کوردم و کوردستانم دەوێ، هیوایی بەرزم قەت نانەوێ. ئەمە پێناسەی داستانی کوردانە ئەمە نیشانەی ڕاستی بەسەرهاتی مێژومانە. گەلێ جاران دووژمن بەسەر یەکی داداوین، پەرتەوازەو جیا جیایی کردوین. گەلێ جاران بە قسەی دوژمنانمان هەستاوین، بەدڵی وانیش لێک ڕاساوین، غەیری زەرەد چیمان پێ بڕا؟ بەڕەی ماڵمان لەبن دڕا. بۆیە دەبێ یەکگرتوبین لەناو یەکدا وەک برابین. هەرگیز ڕێگەی برایەتی نەکەینە قوربانی پلانی دوژمن. دەبا وەک ڕیزی ڕەشبەڵەک، هەریەک لەبەزم و هەر یەک لەڕەنگێ، دەستمان لەناوە دەستی یەک گرێدەین، سەمای سەرکەوتنان بگێڕین. هەموو وێکڕا سەنگەرێکی نەبەزیووبین بۆ داگیرکەر لە وولاتمان، بۆ ناحەزانی نیشتیمانمان.




ئەوانەی وەک سەروی ڕەوان بە پێوە مردن و نەکەوتن، ئەوانەی وەک بەوری بەیان بۆ بەرزی لوتکە سەرکەوتـن. ئەوانەی بڕیاریان دا ڕێ ی سەربەستی مرۆڤ بگـــرن ، بۆ گەل بژین بۆگەل بمرن. ئەوانەی بەنرخی گیان ، مامەلە دەکەن بۆ ژیان . ئەوانەی لە خۆدەبورێن ، لە خوێنیان لالە دەگورێن . ڕۆلەی فیداکاری گەلـــــن ، تیشکی ئەستێرەی دەم ئاسۆ و درکەی بەیانی دەم کەلن . سپێدەی ڕۆژی ڕزگارین، شنەی شەماڵی بەختیارین . پەنای جوتیار و ڕەنجدەرن شۆڕشگێڕ و تێکۆشەرن .بزەی سەرلێوی منالْن، پەپولەی هەست و خەیاڵن. نەسیمی سوبحی ئاواتن ، مامۆستای وانەی خەباتن . ئەویندارى گەل و هۆزن ، هێما و نیشانەی پیرۆزن . سوڵتانی ولاتی عەشقن . بۆ گەل سەرقافڵە و سەرمەشقن . سەریان بەرزە وەکو ،، سەرتوون ،، بەنـرخن وەک زێڕ و ئاڵـــتوون بالا بڵـــند وەک ،،وەزەنێ،، هیج هێزێک هەڵیناکەنێ ،،بەردەکل،، چاوی بۆ ڕشتوون ،، ئاوەسپی،، ڕوخساری شوشتوون. ،،قەڵا ڕەش ،، بۆیان ڕەش پۆشە ،،کەژەڕێ،، دڵ بـــــە پــەرۆشـــــــە.

ئەویندارانی چاوەڕێ هێشتاش هەروا چاوەڕوانن، بە ڕۆژ لە ڕێ و بانی جاران، شەو لە ئاسمانێ دەڕوانن. ئەستێرەی دڵدار دەدوێنن ، دڵگیراون ، سەربەهەش و مل بە کوێنن . ئەوانەکێن واپیرۆزن ؟! خۆشەویستی گەل و هۆزن ؟!. مایەی شانازی خێزانن، تاجی سەری کوردستانن ؟!. ئەوانە پۆلە شەهیدی ساوانن . فیدای گەل و نیشتمانن !. خوێنیان ڕژا بۆ ڕزگاری، بۆ سرینەوەی هەژاری. بۆ وەی ولاتیان ڕزگاربێ ، کێشەی نەتەوەیان چار بێ ! حەوتەوانەکەی ئاسمانن ، حەوت شەهیدەکەی ساوانن . سلاو لەو گیانە پاکانە ، ڕۆڵەی بە وەفا و تاقانە . ئەو حەوت ئەستێرە گەشانە ، بریتین لەم شەهیدانە: غەزالی سوڕە سواری کورد. قادری خاوەن دەست و برد. هەڵمەتی خاوەن مژی و بیر. کاکە زاهیری ئازاو ژیر. تاهیر بەوری بە هەو و تاو . ئەحمەدی گەنج و تازەلاو . لە بۆ کورد ڕشتیان خـــوێنی گـــەش. ســـــلاو لـــەگیانـــی حەمەرەش.

## خوێنەرانی هێژا!

**ئەو بابەتانەی لەم گۆڤارەدا بلاو دەکرێنەوە،نووسەرو خاوەن بابەتەکان، لەناوەڕۆکەکانیان بەرپرسیارن و مەرج نییە دەربڕی بیرو باوەڕی سازمانی خەباتی کەردستانی ئێران بن!**

## من ساوانم!

جەلال خۆشکەلام

**من ساوانم !**
**بیشەی شێرانی دەڤەرم**
**مەڵبەندی حەماسەو خوێنم.**
**سینە و سەرم سەنگەرێکە**
**کەدوا ژوانگەی شەهیدانە.**
**چاوگەی سازگاری ئاوەسپیم**
**کانی مرادی دڵدارانە.**
**ژوانگەی ئەو عاشقانەم**
**کەدڵداریان کوردستانە.**
**من ساوانم!**
**چقڵی چاوی دوژمنانم**
**قەڵای قایمی بەرخودانم.**
**لەگەڵ یەکشەوە دەستە برام**
**بۆگەلم جێی بڕواو هیوام.**
**خاوەن ڕۆڵەی بەهیمەتم**
**هەوارگەی شەهید هەڵمەتم.**
**من ساوانم!**
**خاوەن شاخی سەرتون و وەزەنێم**
**لوتکەی بەرزی بەردەکلم،**
**شەهید محمەد ئەمین غەزالیم**
**یادگاری منداڵی شەهید قادرم**
**من ساوانم!**
**گوندی خۆڕاگری و بەرخودانم**
**پەیمانم داوە بە کوردستان**
**هەتاکو سەر دەپارێزم نیشتمانم.**



## نەورۆزی 2708 ی کوردی پیرۆز بێت!

دەستەی نووسەرانی ساوان




خوێنەرانی خۆشەویستی گۆڤاری ساوان!
کورستانیانی بەڕێز و دلۆڤان!

ئەوا سەر لەنوێ سروەی بای وادەی بەهاری مژدەی ساڵی تازەی لە ئاسۆی پڕ هیوای وڵاتەوە، بە سەرتا سەری نیشتمانی کوردان ،کوردستانی ، لە دڵان شیریـــن گەیـــاندەوە. دیـســـان دارو دەوەن، مێرگ و چەمەن ، دەشت و پێ دەشت ، زۆنگ و ڕەقەن ، بژوێن و لێژ ، قەدپاڵ و چۆم لوتکە و ڕەوەز ، باغات و ڕەز ، خڕ و روبار لیڕ و نزار ، دێهات و شار ، زێدی ئازیزی وەک بەهەشت ، بە گشتی هەموو سروشت  بە نەغمەی بلبلی شەیدا و سەوتی کەناری و قومری و هاژە و هاڕەی شەتاو و چۆماوو خوڕەی روبار ، گیا و گوڵ و گیاندار و مارو موور، لە خەوی بێ هۆشی وسڕ و تەزیوی زستان راپەڕین و بەرەو خولگەی ژیان کەوتنە جموجوڵ و خۆڕانان و خولدان. شەماڵی دڵڕفێن و ڕۆح لاوێنی بەهاری رزگاری ستەملێکراوان بۆ بەسەرداکردنی خۆڵی خاکەلێوە بەسەر کەویەبەفری زستانی بێدادی و ستەمی ستەمکاران ، بە گاڵەگاڵ هەوری مەینەتی کردن گەواڵ گەواڵ و بەدەم ئاوازی بای دار ئاوسێ ، سروشت بە بزەی لێوی چرۆ سەمادەکا و ئۆقرە ناگرێ و بووکی رووسوری نەورۆز بە شنەی بای بەهاری سالولی بسکان شانەدەکا و لە بەردەم ئاوێنەی دڵپاکی گەل و روناکی ئاسۆی رزگاری ، گوڵە نێرگز و گەزیزەی ئازادی لە سینگ و بەرۆک و زوڵفانی دەدا. نەورۆز رەمزو هێمای خەبات و تێکۆشان ، نیشانەی هەستانەوە و راسان ، هیوای  چەوساوە و بن دەستان ، روی کردەوە کوردستان و وەک خۆشەویستێک کە بە هیوای دیتنەوەی بوین بە دیداری شادبوینەوە و تاسەی دیداری ئەویندارانەمانی شکاندەوە.  بەم بۆنە پیرۆزوە وەک دەستەی نوسەرانی گۆڤاری ،، ساوان،، پیرۆزبایی گەرمی کوردانە و ئەویندارانەی خۆمان ، پێشکەش بە بنەماڵەی شەهیدانی کوردستان بەگشتی وشەهیدانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران ، بەتایبەتی و هەموو زیندانیانی سیاسی و خەباتگێڕانی رێگای رزگاری مرۆڤ و تێکڕای چین و توێژەکانی کوردەواری لە سەرتاسەری کوردستاندا دەکەین وهیوادارین هەموو بە هەستێکی بەرزی پڕ لە رێز وسۆزی کوردانەوە بەرەو پیری نەورۆز و ساڵی تازەمان بچین وهەموو دووبەرەکی و دڕدۆنگی و دژایەتیەکانمان بە ئاگری پیرۆزی نەورۆز بسووتێنین وخۆڵەمێشەکەیان بکەینە چاوی نەیاران و دژمنانی نەتەوەمان و هەموو تێکڕا و وێکڕا لە بەر تین و روناکی ئەو ئاگرە پڕ تیشک و تینەدا لە بەرەیێکی یەکگرتووی تۆکمە و تەیاردا بەرەو ئاسۆی رزگاری نەتەوەیی هەنگاو هەڵگرین و ئاوات و ئامانجە پیرۆزەکانمان بە هاوکاری یەکتر بهێنینە دی.

پیرۆزبێ جەژنی نەورۆزی کەونارە، لەگەڵی کوردی خاوەن نەورۆز و بەرخودان، لەپێناو ڕزگاری و سەرفرازی نەتەوە و نیشتمان دا.

دەستەی نووسەرانی ساوان
نەورۆزی 2708ی کوردی

# ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن پیرۆز بێت !

## دەستەی نووسەرانی ساوان

لاپەڕەکانی مێژووی مرۆڤ زۆر کارەسات و ڕووداوی گرینگ و سەرنج ڕاکێشیان لە خۆ گرتووە کە هەر کام لەوان خاوەنی تایبەتمەندێکی بەرچاون کە مرۆڤ دەبێ بە چاوی ڕێز و هەڵسەنگاندنی جیاوازەوە سەرنجیان بدا و لە هەست و بیری خەیدا یادیان وەکاو وەک پیرۆزێکی پیرۆز و بە نرخ ، زیندوو ڕایانگرێ و نە هێڵێ تۆز و خۆڵی فەرامۆشی و تەم و مژی ڕووداوەکان و ڕەوتی مێژوو دایان پۆشێ و کەم ڕەنگ و بێ بایەخیان وەکا . هێندێک لەو ڕوودا و ڕۆژە مێژووییانە ، تایبەت بەگەل و نەتەوە ، یان تاقم و دەستەیێکی تایبەتی ، لە سوێن و ناوچەی تایبەتین . بەڵام ڕادەیێکی بەرجاو لەو کارەسات و ڕووداو و ڕۆژانە ، نیونەتەوەیین و پێوەندیان بە هەموو دانیشتوانی سەر تۆپە خۆڵینەی زەویەوە هەیە کە هەموو ساڵێک لە ڕۆژی ڕوودانیان لە سەرتاسەری گیتی دا یادیان دەکرێ وبیرەوەریان پیرۆز دەکرێ و ڕێزیان لێدەگیرێ . ڕۆژی ٨ ی مارسی ساڵی ١٨٥٧ ی زایینی ، یەکێک لەو ڕۆژە مێژوویە نێونەتەوەییانەیە کە وەک ئەستێرەیێکی گەش بە ئاسمانی مرۆڤایەتیەوە دیارە و هەموو ساڵێک لە سەرتاسەری دنیا دا وەک ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان ئاهەنگی بۆ دەگێردرێ و نوختەگۆڕانێکی پڕ بایەخ لە مێژووی بەرەو پێش چونی مرۆڤایەتی بەرەو پێشکەوتن و یەکسانی ژن و پیاو چاوی لێدەکرێ و هاو پەیمانی و وەفاداری لەگەڵ ئەو گیان و خوێنانەی کە لە پێناو مرۆڤ سالاری و مافی بەرانبەردا ڕژاون و فیدا بوون ، تازەدەکرێتەوە

ڕۆژی ٨ ی مارسی ساڵی ١٨٥٧ ی زایینی ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان ، بیرەوەری ئەو ڕۆژە مێژوویەیە کە ژنانی کرێکار و ڕەنجدەر لە ساری ،، نیۆیۆرکی،، ئەمریکا بەمەبەستی کەم کردنەوەی کاتی کار لە ١٦ کاتژمێر بۆ ١٢ کاتژمێر لە سەو و ڕۆژدا و بۆ یەکسانی کردنی کرێ و حەقدەستیان لە گەڵ پیاوان ، خۆ پیشاندان و نارەزایەتێکیان ڕێکخست کە پۆلیس بە توندی بەرهەڵستی کرد و بە ئاگر و ئاسن سەرکوتی کرد و لە ئەنجامدا جەندین ژنی قارەمان و چاوەنەترس گیانیان لەدەست دا و ڕادەیێکی بـــەرچاویش دەست بـەسـەر کـــران ، هەر وەک چۆن ئێستا لە سەردەی بیست و یەکەم و لە دنیای تەمەندوون و پێشکەوتن و دیموکراسی کە لە زۆر وڵاتی دنیا دا ، سەرقافڵەکەیان ، ئێرانی وێرانی دەستی ژیمی کۆماری ئیسلامی ویلایەتی فەقی ، ئەم ڕەوت و ئاکارانە بە ناحەزترین شێوە بەرچاوو بەردەوامن . لە ٨ ی مارسی ساڵی ١٨٥٨ دا ئافرەتانی کرێکاری کارگەی ڕستن و چنین لە شاری،، شیکاگۆ،، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی داواکانیان کە بریتی بوو لە زیاد کردنی ڕادەی کرێ و کەم کردنەوەی کاتی کار لە ڕۆژ دا بۆ ٨ کاتژمێر و یەکسانیان لە بورەکانی ژیاندا لـــەگەڵ پیاوان ، دەستیان دایە مانگرتن



لە٨ ی مارسی ساڵی ١٨٥٩ دا ژنانی کرێکاری ئەمریکا بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی ئەو شێرە ژنانە کە لە٨ ی مارسی ١٨٥٧ دا لە لایەن پۆلیسەوە خوێنیان ڕژا و مێشکیان پڕژا ، ڕێپێوانێکی بەر چاویان ڕێکخست و داواکانی پێشویان دوو پات کردەوە . سەئەنجام لە ساڵی ١٩١٠لە کۆنگرەی دووهەمی نێونەتەوەیی ژنان ، لەسەر داوا و پێشنیاری ،، خاتو کلارەزتکین،، کە یەکێک لە ژنانی چالاکی ئەو بوارەبوو ، ڕۆژی ٨ ی مارس وەک ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن دیاری کرا و لەو ڕۆژەوە هەموو ساڵێک بەم بۆنەوە یادی ئەو ڕەنج و خوێن و قوربانیانەی کە لەم پێناوەدا پێناوەدا پێشکەش بە یەکسانی مرۆڤ و مرۆڤ سالاری کران بەڕێزەوە دەکرێتەوە.

بۆ ڕێزگرتن و هاوباوەڕ بوون بەم بۆنە پیرۆزەوە ساڵی ١٩١١ بۆ یەکەم جار ئاهەنگی ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن لە وڵاتی هولەند و سوئێد ، پیرۆز کرا و لەساڵی ١٩١٢ دا ڕوسیە ش بەم بۆنەوە ئاهەنگی گێرا . تاوای لێهات بەرەبەرە هەموو دنیای گرتەوە . ژنی کورد بە هۆی ژێر چەپۆکەیی نەتەوەیی و داگیرکراوی کوردستان لە لایەن دژمنانی داگیرکەر و خوێنپڕێژ وزاڵ بوونی فەرهەنگ و کلتوری دواکەوتووی حەشیرەتی و تارادەیێک دیاری گەلانی بێگانە و نەیارەوە و دابڕانی کۆمەڵگای کوردەواری لە دنیای پێشکەوتن وزانیاری ، لە ژنانی تری جیهان زتایر مافی پێشێل کراوە و بۆتە قوربانی دەسەڵاتی پیاوسالاری . داب و نەریتە کۆن و خورافی وعەشایەریەکانی کوردەواری لەپێوەندی لەگەڵ هەڵس وکەوتی پیاو لەگەڵ ژن دا ، ئەوەندە دواکەوتوانە و دڕندانە بوون و هەن ، کە وەک پەڵەیێکی ڕەشی سورەیی بەداوێنی کۆمەڵگاکەمانەوە دیارن و ئەوەندە دزێو و نارەوان کە مرۆڤ لە ناوهێنان و بیر کردنەوەیان ، شەرم دەیگرێ!. دیارە سڕینەوەی ئەو هەڵە و پەڵانە هەر تەنیا بە ئارەقەی شەرمەزاری ناشۆرێنەوە ، بەڵکو بۆ سڕینەوە و پاک کردنەوەیان ، خەباتێکی شێلگیرانەی ژن و پیاوی گەرەکە ، کە گرینگترینی ئەو خەباتە ، خەباتی ڕووناکبیر کردنی کۆمەڵگا و خۆ قوتارکردن لە کۆت و بەندی خورافی و هەڵس و کەوتی عەشایەری و دواکەوتوییە . چونکە تا ژن و پیاو لە ناو کۆمەڵدا وێکراو تێکرا ڕادەی زانست وڕووناکبیریان نەبەنەسەر و بە پلەی بەرزی تێگەیشتن و پێگەیشت نەگەن و ژن وەک پیاو لە بەڕێوەبەری و بڕیاردانی تاک و کۆمەڵ ، هاوکێش و هاوکارو هاوفکر و یەکسانی پیاو نەبێ ، کۆمەڵ بەرەو پێش ناچی و مرۆڤی کورد بە ئاوات و ئامانجەکانی خۆی ناگا و کۆتی دیلی و ژێردەستەیی لە سەر ئەستۆی لاناچێ و لە وەها کۆمەڵگایێک دا ژنان نەک بە ماف و ئازادیەکانیان ناگەن ، بەڵکو زیاتردە چەوسێنەوە. سەرەرای هەموو ئەوشتانەی باسمان کردن، ژنی کورد وێرای گرانی ستەمی چینایەتی و جنسی لە هەموو بارێکەوە و بەڕێوەبرنی ماڵ و پەروەردەکردن وبارهێنانی منداڵ،بە درێژایی مێژوو ئازاری داوە و برستی لێ بڕیوە بەو حاڵەش غەم وهەمی ستەمی نەتەوایەتی لە دڵ دا بوە و لە مەودای دوور و درێژی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان دا شان بەشانی پیاوان لە

پاشماوە ل7 .

سەنگەری خەبات بۆ رزگاری نەتەوەیی دا بوە و زۆرجاران لە پلەی سەرکردە وریبەریش دا خەیان نیشان داوە و ئەرک وپێسپاردەیی خۆیان بە شێوەی گونجاو بەڕێوە بردوە کە ئەمە لێهاتویی و توانای ژن وەک پیاو لە بورەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و... هتد دا نیشان دەدات . هەر ئێستا بە هەزاران ئافرەت لە ریزەکانی خەباتی نەتەوایەتی گەلەکەماندا بەو پەڕی فیداکاری و لێزانیەوە ئەرکی خۆیان بەڕێوەدەبەن . ئەگەرچی بەهۆی هێندێک بارو دۆخ و هەل و مەرجی تایبەتی و پیلانی دژمنان و ژێردەستەیی نەتەوەیی و داگیرکراوی نیشتمانەوە ، کورد نەیتوانیوە لەگەڵ رەوتی جیهانی رووداوەکان خۆی رێک بخا و وەک پێویست ناوی لە ناو ناوان و سەری لەناو سەراندا دیاربێ ، بەڵام واش توانیویەتی لەهەر دەرفەتێک کەڵک وەرگرێ و دوای کاروانی بەرەو پێشچونی مرۆڤایەتی کەوێ . هەر بۆیە ژنانی فیداکاری کەرد لە ١٤ یمارسی ساڵی ١٩٤٥ ی زایینی بەرانبەر بە ٢٦ ی رەشەمەی ١٣٢٤ ی کۆچی خۆری ، لە رۆژهەلاتی کوردستان رێکخراوێکی ژنانیان دامەزراند و رۆڵی خۆیان لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی دا گێراو توانای خۆیان نیشان دا . لە مارسی ١٩٥٢ دا لە باشوری کوردستان یەکیەتی ژنانیان دامەزراند وهەوڵ وتوانای خۆیان بۆ وەدی هێنانی مافەکانیان خستەکار و لەباکوری کوردستانیش ژنان لەم بارەوە دەوری کاریگەر یان گێڕاوە و دەگێڕن . نمونەی بەر چاویان ژنە پارڵمانتاری خەباتگێڕ و فیداکار ،، لەیلا زانا،، و هاوباوەرانی و ئەو هەزاران ئافرەتە گەریلایانەی کە وەک قەندیلی سەربەرز ، سەربەرزی گەل و نەتەوەکەیان دەپارێزن ولە خۆبوردوانە و خۆراگر لە سەنگەری رزگاری کورد و کوردستان دان ،ئێستا رێکخراو و دامەزراوی ژنان لە کوردستاندا تارادەیێک چالاک و بەرچاون مایەی شانازی پێکردن ودڵخۆشین و ژنانی پارلمانتار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دا شان بەشانی پیاوان و بگرە دڵسۆزتر و چالاکتر و بەمشورتر لە پیاوان ،بـــــۆ پێشچونی کۆمەڵ لە هەوڵدان . بەلام ئەوە بەومانایە نی یە کە ژنانی کوردەواری بەتەواوی بە مافەکانیان گەیستوون و بێکێشە و ئازادن وگەیشتونە پلەو پایەی شیاوی خویان. ئێستاش رێگایەکی زۆر سەخت و دژوارمان لەبەرە تا ژنانی کۆمەڵگاکەمان لە یەکسانی ژن و پیاو دڵنیابن . لێرەدا ئەرکی سەرسانی پیاوانە کە وێرای ژنان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئامانجانە ، یاریدەدەری ژنان بن و هەردوو لا بەیەکەوە ئەم کاروانی وەک یەکی و یەکسانی مرۆڤە بگەێننە مەنزڵی بەختەوەری و رزگاری ژن و پیاو . باسی ژن و مافەکانی و ئەرک و رۆڵی لە کۆمەڵگا ی مرۆڤایەتی دا ئەوەندە زۆر و پڕ بایەخ و پیرۆز و گرینگە کە لە وتار و باسێکی بچووکی وەک باسەکەی مندا ناگونجێ . هەر بۆیە وێڕای پیرۆزبایی رۆژی ٨ی مارس ، رۆژی نێونەتەوەیی ژنان ، بە ژنانی دنیا بەگشتی و ژنانی کورد بەتایبەتی ، هیوادارم کۆمەڵگای کوردەواری بەژن و پیاوەوە بە زانست و روناکبیریە بگات کە ژن و پیاوی لەبەڕێوەبەری و بەرەو پێش بردنی کۆمەڵ و گەیشتن بە مافەکانی تاک و کۆمەڵ و ئاشتی و دیموکراسی، وەک یەک و یەکسان ، خاوەن دەنگ و بریار و هەڵوێست وهەلس و کەوت بن بە هیوای ئەو رۆژە !!. پیرۆزبی ٨ ی مارس! بۆ پێشەوە بەرەو کۆمەڵگایێکی یەکسانی و مرۆڤ سالاری .

## بەرێز بێ یادی 8ی مارس، ١٧ای رەشەممە رۆژی جیهانی ژنان

لەکاتێك دا بیرەوەری ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان بەرزڕادەگرین، کەلەئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندانی ملهوڕ وستەمگەردا بەگشتی و لەکوردستاندا بەتایبەتی ژنان بەوپەڕی بێڕەحمی لەلایەن دەسەڵاتداران و کەسوکاریانەوە دەچەوسێنەوە. دەسەڵاتداری ویلایەتی فقیە کە سەرتاپای تەمەنی جینایەت و ستەمگەری بووە بەرانبەر چین و توویژەکانی خەڵک بەگشتی، بەتایبەتیش ئافرەتانی زیاتر چەوساندۆتەوە و بە شێوەی سیستماتێک و بەبەرنامە و دارشتنی قانوونی جیاوازی دانانی جنسیەتی، بە کردەوە ئێران بۆتە زیندانێکی گەورەی ئافرەتان. رۆژی ١١ی رەشەممە رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە راپۆرتێکدا داوای لە رێژیمی ئێران کرد، دەست لە سەرکوتی ئافرەتان هەڵگرێ و قانوونی جیاوازی. دانان کۆتای پێ بێنێ. لێبوردنی نێودەوڵەتی لەگەڵ دەست نێشان کردنی کۆسپەکانی سەررێگەی ئافرەتان لەلایەن رژیمەوە، رایگەیاند دەسەڵات لە ئێراندا ئافرەتانی هەڵسوور بە شێوەیێکی نادیار، بەتاوانی ئەمنیەتی، دەخاتە بەر ئازار. گومان نیە، هەڵوێست و سیاسەتەکانی دەسەڵاتداران لە بەرانبەر ئافرەتان و هەروەها قانوونی نامرۆڤانەو جیاوازی دانەرانە دژ بە ژنان هۆییێکە بۆ ئەوەی ستەم لە بەرانبەر ئافرەتاندا لە کۆمەڵگاشدا ببێتە کارێکی ئاسایی. جێگەی خۆیەتی روناکبیران و هەڵسووراوانی ئازادیخواز و ژنانی تێکۆشەر بۆ ووشیار کردنەوەی زیاتری ئافرەتان و پیاوان تێ بکۆشن و سیاسەتە خراپەکانی رژیمی ئاخوندیان لە بەرانبەر ئافرەتان لەقاو بدەن و کارێک بکەن ستەم لە بەرانبەر ژنان بەرادەییێکی بەرچاو کەم ببێتەوە. سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، لەگەڵ پیرۆزبایی گەرم بەبۆنەی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ئافرەتان، داواکارە رێزی ئافرەتان و مافەکانیان بگیرێ. ئافرەتانی کوردستان، زیاتر لە پیاوان ستەم و بێ عەدالەتی دەسەڵاتە ملهوڕەکان و داگیرکەرەکانیان چێشتوە، بەداخەوە بە هۆی وەزعی زاڵ و خراپ لێکدانەوەو رەفتاری هەڵە، لەلایەن پیاوانیش دەچەوسێنەوە. بەو هیوایەی کۆتایی بە ستەم و چەوسانەوە لە بەرانبەر ئافرەتان بێ و ئافرەتان هاوشان و بە هاوکاری پیاوان لە دامەزراندنی کۆمەڵگاییێکی باشتر پێکەوە تێ بکۆشن. بێ گومان بە خەبات و کۆڵنەدانی تێکڕایی و یەکسانی ژن و پیاو و بەشداری چالاکانەی ئافرەتان لە شۆرش و ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان ئازادی دابین دەکرێ و لە لاییێکی دیکەوە رێگە بۆ کۆتایی ستەم و نارەوایی هەموار و خۆش دەکرێ.

کۆمیتەی ناوەندی
سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

## هەشتی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان پیرۆز بێ

یاد کردنەوەی هەشتی مارس ڕۆژی ژنان یاد کردنەوەی ڕەنج و خەباتی شێلگیری ئافرەتانی ستەم لێکراو تێکۆشەری کۆمەڵگای نابەرانبەری مرۆڤایەتیە کە بە دەست ئینسانانی ستەمگەر دەچەوسێندرێنەوە. لە بەرانبەر زوڵم و سەرەرۆیی چینێک بە سەر چینێکدا، چینی ماف پێشێلکراو و ژێردەستە، بە هەوڵ و موبارەزە لەگەڵ نابەرانبەریەکاندا خەباتێکی درێژماوە بۆ ڕەواندنەوە و نەهێشتنی سەرەرۆیی و زوڵم لە ئارادا بووە و ئێستاش دوای دەیان ساڵ درێژەی هەیە و هەتا مسۆگەر بوونی ئازادی تاکە کەس و کۆتایی هێنان بە چەوسانەوەی ئینسان بە دەست ئینسان درێژەی دەبێ. ژنان وەک نیوەی کۆمەڵ بە نەبەزی خۆیان هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ پیاواندا چوونەتە پێش و لە هەموو ئێش و ئازارەکاندا شەریکی پیاوانن، بەڵام لەلایەن هێندێک دەسەڵاتی چەق بەستوو هەروەها حیزبی بێ بەرنامە و سیاسەتمەداری کلێشەیی کۆسپیان خراوەتە سەر ڕێگە و بۆ درێژەدان بە چەوسانەوەیان مل کەچ کردن بۆ چینی بەرانبەر لە پیلان و بەرنامە و ڕێگای جۆراوجۆر کەڵک وەرگیراوە. هەوڵ دراوە ئەو وەزعە درێژەی پێ بدرێ و لە کۆمەڵگا پیاو سالاریەکاندا بە تەواوی جێگیر بێ، بەڵام ژنانی هەڵسووڕ و داهێنەر و ئازار و بلیمەت بە کۆمەگی پیاوانی ئازادیخواز و مرۆڤ دۆست، تاویان داوەتە خەباتێکی بەرین بۆ بەرانبەر کردنی جامیعە و لەو پێناوەدا زۆرکاریان کردوە و بەرەو پێش چوونی باشیان هەبووە. لە ڕۆژی هەشتی مارس باسەکان لە سەر ژنان زیاتر دەبێ و ڕاپەرین و بیرەوەری و پێشکەوتنەکانی ژنان لە بارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی و هونەری و ڕۆشنبیری دەخرێنە ڕوو. ئەو ڕۆژە سەمبولێکە کە ئافرەتان بە تێکڕا و خەباتکارانی قۆناغی فمینیستی وەک هەلێک دەیقۆزنەوە تا داواکاری و ئێش و ئازارەکانیان زیاتر بهێننە بەرباس و ئەوە بە بیر دەسەڵاتە توتالیتە و پاوانخوازەکان بهێنەوە کە تا وەدی هاتنی داواکانیان ئەو ڕێگە دەپێون. ڕۆژی هەشتی مارس کە ڕۆژێکی مێژوویە لە دێری موبارزەی یەکانگیری ژنانی تێکۆشەردا، بە هەوڵی خانم(کلارازەتکین) ژنە شۆڕشگێڕی ئەڵمانی بۆ ڕێزگرتن لە مافەکانی ئافرەتانی جیهان بە ڕۆژی ژنان ناسێندرا. زۆر کەند و کۆسپ هەبووە لە سەر ڕێگای ژنان تا نەتوانن ڕۆژی هەشتی مارس بکەنە ڕۆژێکی مێژوویی لە تاریخی موبارزەیاند. بەڵام بە خۆشیەوە کەم مرۆڤ نین ئەو ناوەند و ریبکخراو و کەسایەتیە دۆستانەی کە پاڵپشت بوون بۆ ژنان تا بتوانن گشتی بە ئامانجەکانیان بگەن. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک پاڵپشتێکی هەمیشەیی ژنان کور گەلێکی زۆریان بۆ ژنان بەستوە و گەلێک پەیمان نامەیان ئیمزا کردوە پیاودا. کە دژی جیاوازی دانانە لە نێوان ژن و لە ڕێکەوتی ١٩٧٩/١٢/١٨ لە کۆمەڵی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان پەیمانێک بە ناوی سیداو، واتە لە ناو بردنی جیاوازی ئیمزا کرا و بە پێی داوە. ڕێکخراوە توانا و بۆ کران هەوڵیان بۆ شۆڕشگێڕەکانیش، یەک لەوان سازمانی خەبات سێهەم گرینگی ی کوردستان لە دوای کونگرەی زیاتری داوە بە ژنان و لەو پێوەندیە زۆر چۆتە سازمانی خەبات کە پێش. کۆمیتەی ئافرەتانی بە هەوڵ و هیمەتی ژننانی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕ ڕێبەرایەتی سازمان لە ٧ی و بە پاڵپشتی خەرمانانی ساڵی ١٣٨١ دامەزرا، خزمەتێکی باری ژنان لە ئورگانەکانی بەرچاوی بە کار و سازمان کردوە و لە دەرەوەی وەڵاتیش نەقشی هەبووە و هاوشان لەگەڵ پیاوان لە بەرچاویان ئاکسیونە ئیعترازی و کۆڕ و مەجالیس و گشتی و تایبەت بەشدار بوون و کۆبوونەوەی خاوەن تێز و بەرنامەی خۆیانن بۆ پارێزگاری لە و تێکۆشەران بۆ وەدی هێنانی ئافرەتان خواستەکانیان، و بە بەربەرکانی ڕژیمی کە دژمنی سەرەکی ئافرەتان سەرەرۆی ئاخوندی لە ئێراندا بەتایبەت و کۆمەڵگەی ئێران بە نەقشی ژنان لە سازمانی گشتی تێکۆشاون خەباتدا فورمالیتەنیە بەڵکوو کار کردنی ئەم لە ڕێبەرایەتی و باقی چینە و بەشداریان شوێنەکانی دیکە ئامانج و ئەولەویەتی بە هاتنە مەیدانی سازمانەکەمانە. بێ گومان ژنان و هەوڵدانی ڕێکخراوە ڕەسەنەکان بۆ پێک لە کۆمەڵگادا قایمتر هاتەشکێنی، پێگەی ژنان دەبێ و ئەو ئامانجەی کە ساڵهای ساڵە تێکڕامان خەباتی بۆ دەکەین زوتر دێتە دی. هەروەها نابێ ژنان تەنها لە ٨ی مارس دا لەبیری مافەکانی خۆیاندا بن بەڵکو دەبێ بەردەوام لەخەبات دابن و سەنگەری خەبات چۆڵ نەکەن. پیرۆزبێ ٨ی مارس

کومیـــــــــــتەی ئافـــــــــــــرەتانی

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

## ٨ی مارس

**سەرگوڵ عەزیزی**



**بۆ تۆو چی بکەم بەدیاری بۆ یادگاری،**

**کە بەهاداربێ هەروەکوو هەستت**

**چیت پێشکەش بکەم؟**

**پاک و بێگەردبێ وەک لەپی دەستت**

**چیت بۆ بنێرم!**

**کەلایلایە بێ بۆ خەمی خەستت..**

**چی بکەم، شک نابەم سۆزی ووشەیەک**

**تالی ژێی هەستم بۆ بجولێنێ!!**

**یاتابلۆی دەستی پیری موغانێک**

**وێنەی مەبەستم بۆ بخوڵقێنێ..**

**ئازیز، ئەزیزەم، دڵنیات دەکەم**

**نە خورپەکەی دڵ، نە شیعرو پەخشان**

**نەئینجانەو گوڵ، مەستیی ڕەنگەکان..**

**نە گلێنەی چاو، نەجوانی کانیاو**

**نەتیشکێ هەتاو، نەگڕی نەورۆز**

**نەعەشقی بەسۆز.. ناهیچ ناتوانی**

**هەستی بەجۆشم دابمرکێنێ!**

**یاخود خەمی دووری تۆی ئازیز لەمن بستێنێ**

**بەڵام لە تیشکی گزنگ و بەیان**

**تاجە گوڵینەی ئەم جەژنە ئەچنم**

**وەک هێمای شادی و مژدەی ئازادی**

**بەئاسمانەکەی سەردەریاو شاخا**

**بەژێر سێبەری هەزاران باخا بۆتۆی ئەنێرم**

**ڕەنگە ببێتە مایەی ئازادی و**

**جەژنانەی جەژنت**

**شیعرێکی کوردی پڕ بالاوبەژنت**

**لەتۆش پیرۆزبیت خۆشکی ئازیزو،**

**گوڵی ئاوات و**

**تیشکی مەبەستم**

## نە ڕۆژنامە دەخوێنیەوە نە گۆڤاریش

### شاڵاو



لەسە ر ڕێگاو خۆلی دەشت و
کانی و بناری گوندەکان ..
هەررێگایەک
جارێک تۆی تیا تێبپەڕێ
لێم نووسیوە تۆم خۆش دەوێ
...
بەڵام چی بکەم .. کە نازانی

ئەوەندەی من چاوەڕێتم
نەسەر بەگوندێک دادەگری
نە دێیتە سەر ئاوی کانی ...

لەسەرشەقامی شارەکان ..
لە بەردەرگای کۆگاو بازاڕی باخەکان.
لە هەر شوێنی
بەگومان بم
جارێک تۆی تیا دەردەکەوێ .
بۆم نووسیوی
تۆم خۆش دەوێ ،
بەڵام چی بکەم..!
نەشەقامەکان دەبڕی ..
نە لە کۆگاو بازاڕەکان گوڵ دەکڕی ..!

لە ڕۆژنامە ناوبانگەکان
لە گۆڤارو هەفتەنامە
ڕۆژانە من وەکو نامە
بەلکو بەرچاوت بکەوێ
بۆت دەنووسم تۆم خۆش دەوێ
بەڵام چی بکەم ..!
لە دوای گشت خەم وئازاریش
نە ڕۆژنامەک دەخوێنیەوە
نە گۆڤاریش ..

## مەلـــــــــــی دڵ

### جەلال خۆشکەلام

مەلی دڵم ئەمشەو،
لەبەر ژانی بێ لانەیی
گۆشەگیرە لەسەر چڵێ!
ناڵە ناڵیەتی لەغوربەتی،
هاوار چ زامدارە دەردی دڵێ
بێ هەڤاڵ و دور لەیاران،
مەست و پەرێشان بۆ گوڵێ
کوا ئەودەمەی بفڕێتەوە
لەم چڵ بۆ ئەو چڵ،
بە نەشئەوە لە گەرووەوە
دەنگ هەڵبڕێ؟!



## داربەڕوو

### کوێستانچی



ئەو داربەڕوەی
لەتوێیی قەتماغەی لەشی دا،
پەنگ ئەخواتەوە ئێش و ژان.
ئەو داربەڕوەی نەڕوخاوە
سێبەری هەر بەردەوامە
بۆ پشودانی چەک لەشان.
ئەو دار بەڕوەی
بە تۆپ و بۆمبی ئاتەش زاو
،،گڕو دوکەڵی،، کیمیاوی
نەنیشتە سەر خۆڵەمێشی
نامرادی
خەنجەری زامی لەگەروی،
پێنووسەوە تێپەڕ دەبێ و
بەنرخ و پیرۆزە لەلام
وەک تریبوونی ئازادی!.

## دەت شکێنم!

### ڕێبــوار حســـــــێنی

وەک ئاوێنەی باڵا نوێن بووی،
منت دەنواند !
لەخەوی خۆشی شەوانتا،
منت دەدواند!
قژی ئاڵۆزی هۆنراوەم،
لەبەرتۆدا دەهۆنیەوە.
ڕووخساری شێواوی خۆمم،
هەر لەتۆدا دەبینیەوە.
گەلێک جاران تەم دەیگرتی و،
لێڵ دەت نواندم.
گەلێک جاران خۆت دەتۆراند،
بەعیشوەو ناز دەت دواندم.
هەموو جاران فریوت دام
چاوت بەستم،
بەرت گرت لەهۆش و هەستم،
ئەی رویەک رەش و رویەک گەش!
ئەی بۆ من مایەیی بەختی رەش!
ئەمجارایان من نات دوێنم
ئەمجارە من دەت گرێنم.
بەبەردی بێ باوەڕی خۆت ،
ووردت دەکەم، دەت شکێنم!.



خوێنەرانی بەڕێزی گۆڤاری ساوان، لەگۆشەی هونەری ئەم گۆڤارە خنجیلانەیەدا و لەیەکەم ژمارەی گۆڤارەکەدا ئێوەی خۆشەویست بە ماڵپەڕێکی ڕەسەنی هونەری کوردی ئاشناتان دەکەین، کەماوەی چەند ساڵە بۆتە جێگەی هیواو ئومێدی هونەرمەندان و نووسەران و ئەدەب دۆستانی کورد لە دەرەوەی وڵات. ئەم ماڵپەڕە بەناوی chra.tv چرات تیڤی کەلەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بەرنامە هونەریەکانی خۆی بڵاو دەکاتەوە، و لەوێوە بۆتە ماڵی هونەرمەندان و توانیویەتی ڕۆڵێکی سەرکەوتوانە بگێڕێ لەئاست خۆزگەو ئاواتەکانی هونەرمەندان دا و خزمەتێکی گەورەو پڕ شانازی پێشکەشی هونەرو ئەدەبی کوردی بکات. ئەم ماڵپەڕە، کەجاران بەس بەشێوەی نووسین و دەنگ هەواڵ و چالاکی هونەرمەندانی تاراوگەو ناوەوەیی وڵاتی تۆمار دەکرد ئێستا بەشێوەی دەنگ و ڕەنگ و راستەوخۆش هەواڵە هونەریەکان دەگوازێتەوەبۆ ماڵی هونەرمەندان. لە کەمی دەرفەت بۆ هونەرمەندان و پاڵپشتی کردنیان لە هونەرێکی هاوچەرخ و داهێنانی نوێ و کار ئاسانی بۆ وەبەرهێنانی بەرهەمەکانیان لە تاراوگە وگفتوگۆکردن لەم بارەیەوە،ماڵپەڕی چرا تیڤی لە یادی دامەزراندنیا هەلێکی بۆ هونەرمەندان ڕەخساند کە پێکەوە لە کەش و هەوایەکی زۆر دیموکراسی و کۆبوونەوەیەکی زۆر لە هونەرمەندان لە هەموو بوارەکاندا لەمەڕ هونەر و بێ پشتیوانیان لە کار و چالاکیەکانیان و نەبوونی میدیایەکی کوردی ڕاست گۆ لەپشتیانەوە بۆگەیاندنی دەنگ وڕەنگیان. ڕێکەوتی ڕۆژی شەممە بەرواری (٢٠٠٨/٢/٢٤) لە شاری Zoeterwoude .

لەڤیستیڤاڵێکی هەمەڕەنگ بە کـــــارو **De eenden** **لە** چالاکی هونەرمەندان لە خوێندنەوەی شیعر و چیرۆک و کردنەوەی پێشانگای شێوەکاران و نیشاندانی فلیمی کوردی وگوێ بیستنی پارچە مۆسیقا و تابلۆی هەڵپەڕکێ ی کوڕان وکچان وگۆرانی و ووتەی شیرینی ووتەکان ،یادی دامەزراندنی چوارساڵەی خزمەت کردنی ماڵپەڕی چرا تیڤی لە هۆڵەندا بەڕێوەچوو بە ئامادەبوونی هونەرمەندان خۆیان و هەندێک میوان ئەو ڕۆژەیان زۆر بە شادمانی وپڕلە خۆشەویستی وپێکەنین و ئاڵوگۆڕکردنی بیرو بۆ چوونەکانیان کاتێکی خۆشیان بەڕی کرد. سەرەتای ڤیستیڤاڵەکەش بەووتەی بەخێر هاتن و دەقیقەیەک وەستان بۆ پشتگیری لە کورد و کوردستان ڕاوەستان دەستی پێ کرد، پاشان لەلایەن بەڕیز( ئازاد کوردی ) بەڕێوەبەری ماڵپەڕی چرا تیڤی ووتەیەکی پێشکەش کردکە ئاماژەی بە سەرەتای دەست پێکردنی ماڵپەڕی چرای کرد وباسی لەو گۆڕانکاریانەی کە لە ناو ناوەڕۆکی ماڵپەڕەکەدا کراوە و هیوای خواست کە ساڵی داهاتوو ئەم یادە بە هەمەڕەنگی پڕ لە چالاکی و چەند ڕۆژی بکەنەوە بە پشتیوانی هەموو هونەرمەندان و بەشداربوونیان . دواتر چالاکی ڤئستیڤاڵەکە خۆی لەچەند بەشێکی سەرەکی جیاوازدا بینیەوە کەبەم شێوەیە بوو. پێشکەش کردنی سێ پارچە مۆسیقای جیاوازی کوردی لەلایەن بەڕێزان (ڕەوێن ) و (ڕامان ) و (سوزی) لە قوتابخانەی مۆسیقای نامۆ . کە زۆر جیگای خۆشحالی ئامادەبوان بوون کە هەموو هیوای ئەوەیان خواست کە منداڵانی کـــــوردلـــــــەتـــــاراوگـــــەبـــــــەو شێوەیە




**ئامادەکرن و نووسینی ساسان دەروێش – هۆڵندا**

گۆش وپەروەردە بکرێن لەلایەن دایک وباوکیانەوە ،کە لە قوتابخانەی نامۆ بەڕیز مامۆستا نامدار هەوڵێکی باش وکوردانەیان لەگەڵ ئەدات . نیشاندانی تابلۆی هونەرمەندانی شێوەکاروبەڕیزانی بەشداربوو ئاشتی شێخانی ومحەمەدئیسماعیل وسیروان جەمال وفەیسەڵ عوسمان وخەلیل کاکەیی وسەرکەوت و سامان ڕەسول بە تابلۆکانیان هۆڵەکەیان ڕازاندبوە کە هەر یەکەیان لە ناوەڕۆکدا تعبیریان لە شێوە دەربڕین وبیروڕایەکی جیاواز دەکرد لە نەخشاندن ودوانی تابلۆکان . خوێندنەوەی دووکورتە چیرۆکی هونەرمەندی گەورەی کورد کامەران ڕەئووف بە نێوی کەشتی کە لە بەرواری ١٩٧٢/٦/١٨ و ئارەزوویەکی پەمەیی کە لە بەرواری ١٩٧٨/١/١ نووسیونی وەک سەرەتایەکی پێش کارکردن و سەرقاڵی لە نواندن و دەرهێنان ،هەوێنی ئەم دووچیرۆکەی گەڕانەوە بۆ ساڵەکانی ١٩٧٠ و بەشیلەی قەڵەمەکەی ڕژاندونیەتە سەر کاغەز و ئەمڕۆ بۆتە بەشێک لە ئەدەبی کوردی . پێشکەش کردن وخوێندنەوەی شیعر و هۆنراوە لەلایەن بەڕیزان ڕیباز مەحمود لەژێر ناونیشانی کەخەیاڵ ئەم باتەوە و کەژاڵ ئیسماعیل لەژێر ناونیشانی لێ گەڕێ کەبێ دەنگی هۆڵەکەیان بۆلای دێڕ بە دێڕی خزانی ووشەکانی سەر لێوەکانیان ڕاکێشابوو. نمایشکردنی کورتە فلیمی کوردی بەنێوی دەریایەک لەبیرەوەری لە دەرهێنانی بەڕێز کامەران ڕەئووف و بەشداربوانی نواندن لە بەڕیزانی هونەرمەندانی گەورەی کورد شەماڵ عەبە ڕەش و شادان جەماڵ وسیروان جەمال هتد، کە ئەم فلیمە باسی لە وون بوونی مرۆڤ ئەکات بە تایبەتی مرۆڤی کورد کە لە زەمەنێکی ئاڵۆزدا ئەژی و ئەوئارامیەی کە هەموو مرۆڤێک ئەیەوێ بە دەستی بهێنێت وبەدەستی ناهێنێ لە بەر ئەوە پاڵی پێوەئەنێ بە دوای ئەو ئارامیەدا بگەڕێ و چەند وڵات و شاران ئەگەڕێ بە دوای ئارامی دا،بەڵام لە کۆتایدا وا هەست دەکات بیرەوەریەکانی وورژم دێنێ و بیرەوەریەکانی پاڵی پێوەئەنێ جارێکی تر هەڵ بێت وبەرەو وڵاتێکی نادیار بڕوات ئەو وڵاتەی کە لەمێشکی هەمووماندایە بەڵام ئەو وڵاتە هێشتا جادە و ڕێگاوبان و خانوەکانی تەواونەبووە ئەو شارەی کە هێشتا گەڵاکانی سەوزنەبووە. ئە کورتەی ئەو بەرنامە ڤیستیڤاڵیە بوو کە چرا تیڤی بۆ هونەرمەندانی تاراوگەی ئامادەکردبوو، ئەمەش نموونەی چەند وێنەی ڤیستیڤاڵەکەیە.





# دامەزراندنی سازمانی خەبات لەدەرفەت و گۆڕانکاریەکی مێژوویی دا هاتە ئاراوە.

عەبدوڵڵاقادری

سازمانی خەبات و ڕێبازی، بیر و ئەندێشەیەکی سیاسی ، ئاینی و کۆمەڵایەتی و بەرهەمی داخوازیە نەتەوەیەکانی گەلی کورد بوو. ئەم بیرو پەیڕەوە زۆر لە مێژ بوو لە نیو هزر و بیری خاوەن باوەڕان بە ڕێبازی پڕ لە سەروەری سازمانی خەبات وەک چۆڵە چراێک دەگەشایەوە و چاوەڕیی کات و ساتیان دەکرد بۆ ئاشکرا کردن و ڕاگەیاندنی. ئەوەی ئاشکرایە و لە بەرجاوی هەموانە ئەوەیە کە لە فەرهەنگ و قامووسی ڕژیمە دیکتاتۆر و فاشیستەکان دا، بیرو بۆ چونە سیاسی و دیموکراتەکان سەرکوت دەکرێن و خاوەنی ئەو جۆرە بیر و بۆ چونانە ناتوانن بە ئازادی و بە ئاشکرا، بوون و شێوەی چالاکی خۆیان بەئاشکرا دیاری بکەن و بەرێوەبەرن . هەر بۆیە ناچارن لە چوار چێوە و قەوارەی دەستە و تاقم و دەمەزراوەی نهێنی و نادیار و بەرتەسک دا دەمێننەوە . هۆگرانی ئەم جۆرە دامەزراو و ڕێکخراوانە دەبی بە تاسە و هیوای ڕوودانی ڕوودا و ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی سیاسی لە ولات دابن تابتوانن خۆیان ئاشکراکەن و لە شێوەی ڕێکخراو و دامەزراوی سیاسی ئاشلرادا پەرە بە بیر و باوەڕ و چالاکی خۆیان لە پێنا و ئامانج و ستراتیژی خۆیان بدەن. کاتێک گەلانی ئێران لە ساڵی 1357 ی هەتاوی دا لە دژی ڕژیم و دەسەلاتی پەهلەوی ڕاپەڕین ، گەلی کوردی تینوی ئازادی و سەربەستی ، لێبڕاوانەتر لە گەلانی ئێران لەو ڕاپەڕینە جەماوەریەدا لە دژی دام و دەزگای داپڵۆسێنەری شایەتی دا ڕاپەڕین و ئەو ڕژیمە لە بەر شەپۆلی ڕاپەین دا خۆی ڕانەگەت و کۆشکی دەسەلاتی دیکتاتۆری لە ئێراندا تێک ڕماند و کۆتایی پێهێنا. لەو ڕوداوە مێژوییەدابو کە ئەویندارانی ڕێبازی سازمانی خەبات ، مامۆستایانی ڕووناکبیری شۆرشگێڕ و کوردپەروەر ی ئایینی و ئەویندارانی ئازاد ئەندیش و ئەزادیخواز لە هەموو چین وتوێژەکانی کوردستان ، ئەوانەی چەندین ساڵ بوو جاوەڕوانی ڕۆژێکی ئەوتۆیان دەکرد کە ڕوانگە و بیرە سیاسیەکەیان بە ئاشکرا ڕابگەێنن . ئەویندارانی ئەو ڕێبازە لە چەندین شاری کوردستان بوونە پێشڕەوی جەماوەری ڕاپەڕیوی شار و دێهاتی کوردستان و دەستیان دایە ڕێکخستن و سازدانی خەڵک .

خەت و ڕێبازی خەبات و ڕێ وشوێنی داواکاری بو مافەکانیان بە جەماوەر نیشان داو و ڕاستە ڕێترین خەت و ڕێبازی سیاسی شۆڕشگێڕیان بۆ خەڵک دەست نیشان دەکرد و زۆر چالاکانە و لێبڕاوانە دەست بەکار بوون و لە ماوەێک کەم دا توانیان جەماوەرێکی بەرچاو لەدەوری خەت و ڕێبازی مەبەستیان کۆوەکەن. لەسۆنگەی ئەم ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەرفەتە ڕەخساوانەوە بوون کە زەمینە بۆ ئاشکرا کردن و دەستبەکار بوونی ڕێکخراوە تازەدامەزراوەکانی بەدی هێنا و ئەم ڕێکخراو و سازمانانەش بە بیر و ئیدئۆلۆژی جیا جیاوە دەستیان دایە چالاکی و لە ژیر ناوی جۆراوجۆر دا هەرکام لەبەرخۆیەوە کەوتە چالاکی و زەمینەی بۆ کۆمەڵگاێکی فرە حیزبی و هەمەچەشنە هێنایە ئاراوە کە سازمانی خەبات یەک لەو دامەزراوانەبوو . هاوباوەرانی سازمانی خەبات سەرەتا بە ناوی دەفتەری بەڕێز مامۆستا شێخ عیزەدین وە بە هیز و تواناێکی زۆرەوە دەستیان بە کار و چالاکی کرد و لەخزمەت بەگەل و نیشتمان دا چالاکی و حەماسەی زرۆ و بەرجاویان تۆمار کردو لە سەنگەری بەربەرەکانی ڕژیمی داگیر کەر و دیکتاتۆڕی ئاخوندی دا قوربانی بەنرخیان پێشکەش بە بارەگای خەللك کرد. ڕژیمی ئاخوندی بە ڕێبەری خوێنڕێژترین و دڵڕەشترین مرۆڤی لە قاڵبی ڕووحـــانی دا ( خۆمەینی ) هەر لە سەرەتای بەدەسەلات گەیشتنیان ، لە دژی مافەرەواکانی گەلی کورد و کوردستان هەنگاوی هەڵگرت و بە بیانووی جۆراجۆر بۆ بە ناڕەوا نیساندانی داخوازیەکانی گەلەکەمان ، وەک ئەوەی کە لە ئیسلامدا سنور نییە و هەموو ئومەتی ئیسلامین ، دەستی دەیە چێواشەکاری و گەل و شۆڕشی ڕەوای کورستانی بە دژی دین و کافر و دژی شۆڕش ناوزەد کردو دەستوری جیهادیان لەدژ دەرکردین گەلەکەمان بەو پەڕی تو‌ناوە لە پیناو وەدەست هێنانی مافەکانی و پاراستی وڵات و کەرامەتی نەتەوەیی لە بەرانبەر شاڵاوی ریژم دا ڕاوەستاو لەم بوارەدا توشی ماڵوێرانی و دەربەدەری بوو و بەهەزاران شەهیدی دا کە تا ئێستاش ئەم شۆڕش و بەرخودانە درێژەی هەیە



دوای ئەوەی کە هاوبیرانی دامەزرێنەری سازمـــانی خەبـــات هاتـــنە ســـەر ئەوباوەڕە کە دەفـــتەری مامۆستا شـــێخ عـــیزەدین ناتوانـــێ وەڵامـــدەرەوەی کار و هەڵسوڕانی ریکخراوێکی لەو چەشنە بێ کە مەبەست و نیازیان بوو ، هەر بۆیە لە ڕۆژی 5 ێ خەرمانانی ساڵی 1359 ی کۆچی خۆری دا دامەزرێنەرانی سازمانی خەبات لە لایەن مامۆستایانی ڕووناکبیر و نیشتمان پەروەر ، لە سەروی هەمویانەوە بەرێز مامۆستا شێخ جەلالی حسینی یەوە بوونی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانیان ڕاگەیاند ....

## خۆشەویستی ! سارۆ

**لە ژیانی مرۆڤدا، خۆشەویستی و ئەوین، بەرانبەر بە هاونەوعەکانی و نزیکانی و نیشتمان و هاونیشتمانانی، یاری دڵبەر، مناڵ و خێزان حەیاتیەو، هەر مرۆڤێک نەتوانێ پێ بەندی خۆشەویستی بێ ناتوانێ تام و چێژ لە بوونی خۆی و چەند مانگ و ساڵەی ژیانی ببینێ. ئەوین هەوێنی ژیانە، ئاوی حەیاتە، ڕووناکی، گەرما، باران، بۆنی خۆش، جوانی، تامی ژیانە، مرۆڤ بێ خۆشەویستی، وەک داری بێ ئاوە، وەک زەوی بێ بارانە، وەک چاوی بێ ڕووناکیە، وەک دایکی کۆرپە مردوە، وەک پیری هەناسە ساردە. ئەگەر خۆشەویستی و ئەوین، لە مرۆڤ بستێنی چیي پێ دەمێنێ؟ ئەگەر پێشمەرگە ئەوینداری نیشتمان نەبێ، ئەگەر گەل ئەوینداری ئازادی نەبێ چۆن دەکرێ بۆی تێ بکۆشێ، چۆن لە ماڵ و ژیانی کە هەموویان بە ئەندازەی ساتێکی کەمێ خۆشەویستی بایەخ و خۆشیان نیە و دەتوانن گوزەر بکەن و چاویان لێ بپۆشن. ئەوینداران پاکترین و**

# یادێک لەماموٚستا هەژار موکریانی

رێبوار حسێنی

**چەپ گەدی گەردوون گەڕان کوشتمی**
**نەزان پەرەستی بۆ نان کوشتمی**
**هەر چەوسانەوەی بێ حەسانەوە**
**ئاخ مردن لە کوێ ؟ ژیان کوشتمی**
**( ماموٚستا هەژار)**

زۆر دەگمەنن ئەو مرۆڤانەی کە سەرەڕای ژێردەستەیی خۆیان و نەتەوەکەیان و ژیانی کولەمەرگی و دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی لەلایێک و لەناو گێژاوی سەرهەڵگرتوی زۆرداری وبێ عەدالەتی و خوێنڕێژی دەسەڵاتدارانی رەگەزپەرست دا لە لایەکی ترەوە ، بتوانن وەک تیرێژ و شەبەقێکی رەنگاو رەنگ ، دڕ بە شەوەزەنگی رەشی بێ بەشی مرۆڤایەتی بدەن و ببنە چۆلە چرای رووناکی رێگای خۆ دۆزینەوە و بەرەو قوتار بوون چون لە بیابانی نەزانی و نەخوێندەواری دا. بەڕاستی ئێستاشی لەگەڵدابێ و داهاتوشی بێتەسەر ، مرۆڤە چازان وبیرۆ مەند و بلیمەتەکان لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا بەگشتی و لە کۆمەڵگای ئێمەی کورد دا بەتایبەتی ، ئەژمارەدە ودانستەن ، کە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی : ئەدەبی ، کۆمەڵایەتی ، سیاسی و ئایینی دا ، ئاڵای بەرەو پێشچون و فێرکردن و تێگەیاندن و پێگەیاندنیان لەسەر نەرەی شانی دانابێ و داشدار و رێبەر و رێنوێنی چین و توێژە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵیان بووبن !. گەلی کوردی بە فەرهەنگی، فەرهەنگ و کلتور و زمان پێشێل کراو ، خاوەنی ئەژماردەێک لەو مرۆڤە دانسقە و ئەژماردانەیە کە وەک ئەستێرەێکی پڕ شۆق و ترووسکە دار بە ئاسمانی فەرهەنگ و کلتوری نەتەوایەتی مانەوە دەترووسکێنەوە هی واشیان تێدایە کە وەک خۆر و هەسارەێک،ئەستێرە و هەسارەی تر بەدەوریدا لە سووڕ و خول دان دان و گەرما و رووناکی لێ وەردەگرن. باغچەی ئەدەبی کوردستان لەگەرمیان و لە کوێستان . لە سۆز و ئەوینی جوانە . یەکێک لەو زانایانە ، لەو پسپۆڕ و چازانە . ماموٚستای ماموٚستایان ، شۆڕە سواری مەیدانی وێژەوانی ، قوتابخانەی نەبەردی ، زانای زمنی کوردی . فیلەسوف ، زانا ، هیژا. نەسرەوتوو لە ریی وێژە . وەستای دیواری هەڵبەست ، هەست بزوێنی خاوەن هەست . هۆی شانازی ئەدیبان ، دۆستی زانا و نەجیبان. ماموٚستا عبدولرەحمان شەرەفکەندی ناسراو بە مام هەژار موکریانیە. ماموٚستا هەژاری هەژاری کوردان ئەو شاعیر و وەرگێڕ و فەیلەسوف و زمان زان و سیاسی و خەباتگێڕەیە کە هەموو کەس لە پیرو لاو خوێندەوار و نەخوێندەوار ، لە نزیکەوە لەگەڵ بەرهەمە بایی دارەکانی ئاشنان و لەگەڵ هەڵبەست و چیرۆک و قسە نەستەقەکانی دا ، ژیاون ودەژین . ماموٚستای بلیمەت و پایە بەرزمان ، زۆربەی هەرەزۆری ژیانی پڕ لە رەنج و کوێرەوەری خۆی ، بۆ خزمەت بە نەتەوە و نیشتمان لە ریزی پێشمەرگەی کوردستان ، لەبن بەرد و ناو ئەشکەوتاندا بردۆتەسەر و لە پێناو خۆشکردنی ژیانی گەلەکەی دا ، ژیانی لە خۆی تاڵ کردوە . بە پەرتەوازەیی ولە هەندەران ، بەردەوام لە خزمەتکردن بە ئەدەب و فەرهەنگی نەتەوەکەماندا بووە . لە بن شۆقی چراوگ و چلۆسک و لەبن بەرد و تارێکایی ئەشکەوتاندا بۆ گەل و نیشتمانەکەی نوسیویە و هۆنیویەتیەوە و هەمانە و هەماری ئەدەبی نەتەوەکەی پێ مشت کردوە !. ماموٚستا هەژار سەرچاوەێکی زوڵاڵ و بەتەوژمی وێژە و




ئەدەبی کوردی و هاندەر و ئیلهام بەخشی رووناکبیران و خوێندەواران و شۆڕشگێڕان بووە و هەیە لە پێناو خاشەبڕ کردنی زۆرداری و ژێر چەپۆکەیی و رزگاری و پێشکەوتنی کورد و ئازادی و ئاوەدانی کوردستان دا. ماموٚستای نەمر هەر مرۆڤێکی خاوەن هەستی نیشتمان پەروەری و هەوڵ دان بۆزانیاری و زانین دیبێ ، خۆشی ویستوە و پشتی گرتوە و بە پێچەوانەشەوە ، هەر کەس کە پشتی لە گەلی کردبێ و کلکەسووتەی بۆ دژمنانی نەتەوەکەمان کردبێ ، بە خۆفرۆش و خائین و سپڵە و مایەی شەرمەزاری زانیوە و بەو پەڕی توانایەوە بەگژی دا چوە و لە ناو کۆمەڵ دا لەقاوی داوە . کتێبی ،، بۆ کوردستان ،، ی بەڵگەێکی حاشاهەلنەگری ئەم راستیانەن. بە بۆچونی من ماموٚستا هەژار ، هەر بەتەنیا شاعیر و وەرگێڕ و نووسەر و فەرهەنگ نووس نەبووە . بەڵکو فیلەسوف وزاناێکی بواری کۆمەڵایەتیش بوە . بۆ وێنە کاتێک مرۆڤ بەرهەمە شێعریەکەی بەناوی ( بەیتی سەرەمەر یان کۆشکی بلورین ) دەخوێنێتەوە بە راشکاوی بۆی دەردەکەوێ کە چەندە شارەزایانە گەلاڵە و پلان بۆ داهێنان و ئاوەدان کردنەوە دادەرێژێ و چۆن لەو کۆمەڵگایە دا کە لەو باسەدا لەسەری دەدوێ و لە بەرچاوانی رادەنێ ، ئەرک و مافەکانی تاک و کۆمەڵ و دەسەڵات ، دیارو دەستنیشان دەکات. بەڕاستی ئەو جۆرە بەرنامەرێژیە بۆ ژیان و دەست نیشان کردنی بەرنامە و ماف وئەو ئەرکانەی کە ئەو لەو سەردەمەدا ئەو باسی لێوە کردون و ئەشێوەی کە ئەو لە بوارە جۆراو جۆرەکانی ژیانی مرۆڤ دا گەلاڵەی کردون ، هەر ئەو جۆرە بەرنامە و یاسا و رێسایانەن کە ئێستا لە نیزام و دەسەڵاتە پێشکەو تو و سوسیال دیموکراتەکانی دنیا دا ، کارو باریان پی بەرێوە دەبرێ و گەلانی پێشکەوتوو شانازیان پێوەدەکەن . کە ئەوەش ئەوەدەسەلمێنی کە ماموٚستا هەژار لەدارشتنی پلان و یسا دانان بۆ بەرێوەبردنی کۆمەڵ ، توانای بەرچاوی هەبووەو ئەوەش ئەوە دەردخا کە مامەهەژار لە بواری سیاسیشدا شارەزاو لێزان بوە دروست بە پێچەوانەی کەسانێک کە پێیان وایە ماموٚستا هەژار سیاسی نەبوە !!. پاشماوە ل13

بەراستی باس کردن لە کەسایەتی و لێهاتوویی و بیر تیژی و دەست هەڵێنی ئەو شاعیرە بەرز و بەرێزە بۆوە دەبێ کە بە رۆژ و حەوتو و سیمیناری لەسەر بگیرێ و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ و لە هەموو بارێکەوە شیکاری وەکرێ ، کە ئەوەش کاری مرۆڤی لێزان و سەردەرچوی ئەو بوارەیە و لە توانای ئیمە مانان دا نی یە و هیوادارم خەمخۆرانی پسپۆڕ لەم بارەوە هەوڵ بدەن و مسشورێک بخۆن . ئەوەی کە لێرەدا من دەتوانم بیلێم ئەوەیە کە : بەداخەوە ئەو گەورە پیاوە ، ئەو چەوساوەی قەت نەحەساوە . ئەو ساعیری ناوداری کوردی ، ئەو هاندەری رێی نەبەردی . هەر چۆن بەکوردی بۆ کوردان ژیا !، لە رۆژی چوارشەممە 2 ی رەشەمەی ساڵی 1369 ی کۆچی خۆری ، لە ناو کوردان دا مرد و کوردان شینیان بۆ کرد . ئەو رۆژە هەور گریان ، زەوی ئامیزی گرتەوە ، دایکی نیشتمان روومەتی خۆی رنی . کۆرپەی ئەدەبمان هەتیوبوو، لەناو کوردان گریە و شین بوو . باغچەی ئەدەب سێس هەڵگەڕا شەونم لەسەر گوڵان چۆڕا . خامەی ئەدەب نووکی کول بوو ، وێژە پشتی چەمایەوە . پەروانە بێ زەوق و سەرسام ، مۆمی ئەدەب کوژایەوە . نووسەر و شاعیرانی کورد ، وێکرا سۆرانیان شین کرد . منیش : وەک داری روتی بێگەڵا ، وەک نیشتمانی بێقەڵا . وەک هەتیوی بێ بەرگی خۆر لێئاوابوو ، وەک رەنجدەری ئارەق رشتوی رەنج زایەبوو . وەک سەنگەری چۆڵی شەهید ، وەک چاوەڕێی هیوابراوی بێ نەوید . وەک مندالی هەژارێکی باب نەگەراوە لەسەفەر ، وەک بابردەڵەی بی دەسەڵاتی بەردەم بای قەزا و قەدەر . لەبیابانی یادی مامۆستای گەورەی کورد ، سوڵتانی ولاتی ئەوین و ئەدەب و وێژەدا ، بە ئاوی رێژنە بارانی رەحمەتی یەزدانی دستنوێژی وەفاداری دەشۆم ولە ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستا دا روە و رووگەی ئەویندارانی وێژە و ئەدەب ، نوێژی رێز و سلاو بۆ بەرزی گیانی دادەبەستم و لە دیوانی یەزدانی پاک دا ، داوای رەحمەت بۆ مامۆستا و گەشە و نەشە و رزگاری بۆ کورد و کوردستان دەکەم.

# هەڵەبجە زامێکی قووڵە لە جەستەی دانیشتوانی کوردستان



20 ساڵ لەوەپێش ڕژیمی خوێن ڕێژی سەدام حسێن لە ماوەێیکی کورتدا، بەهۆی گازی شیمیایی، پێنج هەزار ژن و منداڵ و پیرو لاوی شاری هەڵەبجەی شەهید کردو کارەساتێکی مێژوویی تۆمار کرد. ئەگەرچی بیانووی ڕژیمی سەدام حسین بۆ شیمیایی بارانی شاری قارەمانی هەڵەبجە، بوونی هێزی پاسدارانی ڕژیمی ئاخوندی بوو، بەڵام سەرەڕای بوونی پاسدارانی ڕژیمی ئێران، ئەو کردەوە دڕندانەیە،نەک پاساوی بۆ نەبوو لەهەمانکاتدا لە دڕندەیی و خوێن ڕێژی و ملهوڕی سەدام حسین و دەسەڵاتە ستەمگەرەکەی کەم ناکاتەوە. ڕژیمی سەدام حسین بەو جینایەتە گەورەیەی نەک نەی توانی خەباتی ئازادیخوازی گەلی کورد بەچۆک دابنێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە کارەساتی هەڵەبجە بووە ناسنامەێیکی گەورەی بەهێز بۆ ڕەوایی خەبات و تێکۆشانی کورد و ستەمگەری و دڕندەی داگیرکەرانی کوردستان و بووە مایەی گەرم داهێنانی جوڵانەوەی ئازادیخوازانی کوردو ناساندنی ئەو خەباتە ڕەوایە بە جیهان. جێگەی خۆیەتی هەڵەبجە و بیرەوەری بکرێتە جوڵە جرای خەبات ی ئازادیخوازی و ماف خواز پێناسەێیکی گەورەو بەنرخی هەموو تاکێکی کورد و لەهەمانکاتدا، باش وایە یادی هەڵەبجە و خوێنی پێنج هەزار شەهید بەهیچ شێوەێیک لەشێوەکان، ڕژیمی ملهوڕی ئاخوندی و بەناو هاوکاریەکانی ئەو ڕژیمە گرآ نەدرآ، چونکە ئەو ڕژیمە یەکێک لە دەسەڵاتە سەرکوتگەرەکان و دژمنێکی دڕندەو خوێن ڕێژی گەلی کورد و ئازادیخوازانە. سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، لەیادی بیستەمین ساڵیادی هەلبجەدا سلاو دەنیرێ بۆ ڕوحی پاکی شەهیدانی ئەو تراژیدیاو کارەساتە ئینسانیە و هیوادارە زامی کەس و کاری شەهیدانی هەڵەبجە بە ئاوەدان بوونەوەو پێش کەوتنی کوردستان و دابین بوونی ئازادی و هاتنەدی تێکڕای مافەکانی گەلی کورد سارێژ بێتەوە. شەهیدانی هەڵەبجەو یادی کارەساتی دانیشتوانی هەڵەبجەش هی تێکڕای کورد و کوردستان و ڕەمزی شانازی و فیداکاری و نەبەزی گەلـــی گەلی چەوساوەی کورد هەروەها بەرز ڕاگرتنی ئەو یادە وناساندنی وەک ڕۆژێکی مێژوویی نێونەتەوەیی ئەرکەی سەر شانی تێکڕای گەلی کوردە بە هەموو چین و توێژەکانیەوە.

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
٢٦ ی سەرماوەزی ١٣٨٦



**هەڵەبجە قەتماغەی برینی سارێژ نەبووەوی تیمار نەکراوی جەستە خەستەی گەل و نیشتمانێکە کە دوای 20 ساڵ هەر وا بە ژان و سۆیە . پێویستە لەسەر هەر مرۆڤێکی کوودی خاوەن گەست و هەڵوێست بۆ سارێژ کردنی ئەم زامە خەمی لەبەربێ و لەم بارەوە لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانیک کۆتایی نەکا و بۆ بە نیونەتەوەیی کردنی ئەم کارەستە بێ خەم نەبێ!.**

# هەڵەبجە

## جەلال خۆشکەلام

پێنووسێک ، دەنوسێ
لەیادی مەرگەساتی شارێکا
لەیادی
هەناسە خنکێنراوەکانی دەرون و
پەروانە باڵ سوکەکانی ئەوین و
تروسکە بێ هیواکانی
جەستەی خەست و
دڵەی مەست و شەیدا بەژین
بە ئازادی ...
جەوهەر تەواو
پێنووس تەواو
قەترەیەک لە دەریا کەمە
چەند بنووسی ناگەیتە ئاخر

شاعیرێک ، دەبزرکێنێ
وەکو خەونی شاپەریەکان
بۆ ئاسمان و دڵدارەکان
بۆ ژوان و قەدپاڵــێ
بۆ رازی گوڵ و
نازی مەلــێ
بۆ هیوا مردووەکانی
هەزاران خەونی نەدیتراو
هەزاران زوڵم لێکراو...
ووشە تەواو
خەیاڵ تەواو
رستەیەک لە رۆمانێ کەمە
چەند دەربڕی ناگەیتە مەبەست
دەنگ خۆشێک، دەنگ هەڵەبڕێ
بۆ دوادەنگی منالێکی ساوا
بۆ دوا ترپەی دڵ و
دوا چریکەی لاوێ
بۆ هاژەی ئاو ، خورەی کانی
لەرەی گوارەو ملوانکە
بۆ گمەی کۆترو جریوەی مەلێ
بۆ دەنگی شمشاڵی شوان و
شەماڵی فێنکی بن سێبەرێ



ئاواز تەواو
شێعر تەواو
دەنگێ لە هەزاران دەنگ کەمە
چەند بچری ناگەیتە دوا لاوندنەوە

ئازارەکەم، هێندە سەختە
زوڵمەکەم هێندە گەورەیە .

نە پێنووس و
نە شاعیر و
نە دەنگبێژ
بەتەواوی
گڕی ئاوان خامۆش دەکاو
ئەوای دڵی بریندارم دەداو
لانکەی سۆزی هیواکانم رادەژێنێ
من هەڵەبجەی زام و خوێنم،
هەموو ساڵێک لەم رۆژەدا
پێنج هەزار مۆم
بۆ پاکی خۆم دەسوتێنم
نەفرەت لەوەی
وا هەزری کرد ، بڕیاری دا
نەحلەت لەوەی جێ بەجێی کرد
ئەو چاوە کوێربێ
جوانی منی نەدی
ئەو گوێیە کەربێ
کە گوێی لەناڵەی من نەبوو.....

# هەڵەبجە

## رێبوار حسێنی

ئەورۆکە رۆژی ١٦ای نیسانە!
یادی هاوار و مەرگ و گریانە!
مانگی گوڵانەو وەرزی خەزانە!
خانەوێرانە، وڵات سوتان و مرۆڤ قڕانە،
وادەی ناوەدەی مەرگی لاوانە، ئاگر پژان و بۆمباردمانە
قرچەی دەرونە، خوێن کوڵاندنە، جەرگ هەڵکزانە.
ئەی داد ئەی هاوار لەکۆستی کەوتوو،
لەچارە رەشی و لەبەختی خەوتوو
لەبەرچاو دنیایی بەناو پێشکەوتوو!
مرۆڤدۆستانی لەگوێی گاخەوتوو
بەچاو ساغی نەخۆ گەلی خۆ،
چمان لەخۆکرد ئەی داد ئەی رۆ رۆ!
لەسەر ئێمەی کورد، کوردی کۆست کەوتوو
کوردی بێکەسی کەساسی ماندوو!
تاقی کراوە چەکی ژاراوی،
خەردەل، سیانوول، ئەوعی کیمیاوی!
هەڵەبجەی بێناز، خاوەن مێژووی دوور!
دایکی دڵسۆزی ئەوەی شارەزوور!،
گەر ئەمجارە رێم بێ و بێمەوە
لەسەر گڵکۆی شەهیدانت
بەرێزەوە دادێمەوە
بۆ بێنازی و کەساسیەکەت
ئەم بەستەیە دەڵێمەوە:
بووکە سورەکەی بەهاری باران سووری خەباتەکەم!
گۆرەپانی خوێن و خەڵات، ئاسۆیی روونی وڵاتەکەم!
پێکراوی تیری جەهالەت، زامی بەناسۆری جەستەم،
ئەی زەدەی دەستی خۆخۆری، بێنازەکەی سەدەی بیستەم!
لەساڵیادی مەرگەساتتا، بۆتۆ دەگریەم،
ئەی قەتماغەی زامی هێشتا تیمار نەکراو
هێرۆشیمای کوردستانم،
ئەی راستی حاشالێکراو!!.

# چاوخشاندنێک بە تاقیکردنەوەی ناوکی کوریای باکوور و پرۆژەی ئەتۆمی رژێمی ئێران

بێهروز ئەردەلان

نیزیك بە ساڵێك بەر لەئێستا بلآوكـــراوەكانی نێـــــــــــودەوڵەتی رایانگەیاند كە كورەی باكوور یەكەم تاقیكردنەوەی ناوكەیي خۆی لەكاتی دیاری كراو بە سەركەوتووی ئەنجام داوە. بەدوای ئەو هەواڵە دا كارناسانی میكانیكی و نیزامیش رایانگەیاند كە تەوژمی ئەو تەقینەوە بە هێز نەبووە و تەنانەت هێندێك بلآوكراوە ئیشارەیان پێ كردبوو كە ئەو تەقینەوە لەبنەرەتدا ناوكەیي نەبووە. لەلایێكی دیكەوە بلآوبوونەوەی رادیۆ ئەكتیو لەشوێنی تەقینەوەكە و رادەی تەوژمەكەی سەلمێندراوە. لەدوای ئەو رووداوە هیچ جۆرە باس و بەراوەردێك لەبارەی رادەی تەوژم و بلآوبوونەوەی تیشكی رادیو ئەكتیو و باقی تایبەتمەندییەكانی ئەو تەقینەوە لەهیچ بلآوكراوەیێكدا باسی لێ نەكرا. هەر ئەوەندە نەبێ كە تاقی كردنەوەیەكی ناوكەیي بە تەوژمێكی كەم باسي كرا. لەساڵآنی رابردوو وەڵآتانی خاوەن توانای جیهان زانیاریان لەتێكۆشانی ناوكەیي كورەی باكوور هەبوو، وە بە هەرشەی نیزامی و هەڵسورانی سیاسي و ئابلۆقەی ئابووری هەوڵێكی زۆریان دا كە رێگە لەو وەڵآتە بگرن كە درێژە بە لێكۆڵینەوەی ناوكەیي نەدا و تەیار نەبێ بە بۆمبی ئەتۆمی، بەلآم وەك دیمان ئەو هەڵسووڕانانە بێ سوود بوو و سەرئەنجام كوریای باكور كارێك كە دەیویست كردی و یەكەمین بۆمبی ئەتۆمی خۆی تاقیكردەوە. چەند مانگ لەیەكەم تاقی كردنەوە تێنەپەڕیبوو كە بلآوكراوەكان رایگەیاند كە كورەی باكور لەبارودۆخێكی تایبەتدا ئامادەیە دەست لە تێكۆشانی نیزامی ناوكەیي هەڵگرێ و لەگەڵ وەڵآتانی گەورەی جیهان لەوبارەوە ووتووێژ بكات. ئامانجم لەنووسینی ئەو بابەتە روون كردنەوەی ئەو هەل و مەرجەیە كە كورەی باكوور تاقیكردنەوەی ناوكەیي ئەنجام داو لەگەڵ پلۆتۆنیومی ٢٣٩ بە رادەي پێویست كە بۆ تەقینەوە و ئازادكردنی وزەی وێرانكەر و تیشكی رادیۆ ئەكتیووهەروەها مادەی تەقینەوەی بە هێز بۆ وێنە لەجۆری تی ئێن تی بەرادەی ٥٠٠ كیلۆگرەم وەك تەرقەی تەقینەوەكە و دیوارەی بۆمب ئەمە وێنەی یەكەم ئۆرانیومی پالآوتە كراوی ٢٣٥ بە پێوانەی بەرز بۆ وێنە زیاتر لە(٨٠%)، خالَی سەرەكیە بۆ دروست كردنی بۆمبێكی ئەتۆمی بەو پێیە وادەروانین كە بۆمبی ناوكەیي كوریای باكور خاوەنی ئەو برە ئۆرانیومە پالآوتە كراوە بووە. شوێنەواری تی ئێن تی لە بۆمبێكی ناوكەییدا كاریگەری خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی لەوزەی (ئینرژی) ئازادكراوەكەی بۆ شكاندنی چەند ئەتۆم و ئۆرانیوم لەبۆمبێكدا كەڵكی لێ وەردەگیرێ. ئەگەر ئەو پرۆژەیە سەركەوتو بێ، ئەو كات لەهەر ئەتۆم ئۆرانیومێكی شكێندراو ٢ تا ٣ زەرە نۆترۆن ئازاد دەبێ كە ئەو نوترۆنانە دەبنە یارمەتی دەرێك بۆ ئەوەی باقی ئەتۆمەكانی ئۆرانیوم بشكێن. بە واتایێكی دیكە كاردانەوەوێكی دژكردەوي زنجیرەیي لە ئەتۆمەكانی ئۆرانیوم رووددا و لەماوەیێكی كورتدا وزەی ئازادكراو لەلەت بوونی ئەتۆمەكانی ئۆرانیوم دەبێتە هۆی تەقینەوەي ناوكەیي. دیارە گەڵآڵە داڕێژەران و دروستكەرانی بۆمبی ئەتۆم پێشتر حیسابی خۆیان كردووە كە رادەی مادەی تەقینەوە ئەبێ چەند بێ كە وزەكە یان لەدوای تەقینەوە بتوانێ ژمارەي ئەتۆمەكانی ئۆرانیوم لەت بكات. ئەوەی كە لەو قۆناغەدا جێگەی بایخە، بە دەست هێنانی وزەی پێویست لەمادەی تي ئێن تیدایە، كە لە كورترترین ماوەی تەقینەوەكە داهەیە. واوێ دەچێ كە دروستكەرانی بۆمبی ئەتۆمی كورەی باكور لەو بارەوە كێشەیان نەبووە و توانیویانە رادەی وزەی پێویست لەمادەی تەقینەوە بۆ یەك كات( كەمتر لە هەزارۆمی چركە) حیساب بكەن. پێستی روی دەرەوەی پارێزگاری بۆمب گرینگی خۆی هەیە. ئەو پێستەیە رێگە لەبەفیرۆچوونی نوترۆنە ئازادكراوە سەرەتاییەكان لە ئەتۆمە شكێندراوەكانی ئۆرانیوم دەگرێ. ئەوانە جارێكی دیكە دەچنەوە ناو ئاپۆڕەی ئۆرانیومەكان تا شكاندنی ئەتۆمی ئۆرانیومی قۆناغی دوایي روو بدا. بەو پێیە دەبێ ئەو پێستەیە و رووی دەرەوە قایم و توند بێ

شێوەی دووهەم سێ بەشە یەكەم كاردانەوەی زنجیرەیي بەو بەراوەردەی كە لێكدانی هەر نوترۆن لەگەڵ ئەتۆم یورانیومی ژمارە٢٣٥، ٣نیترۆن ئازاد دەبن.

دەبی خۆراگر بێ لەبەر ئەوەی بە هۆی تەقینەوەی تي ئێن تي لەنێو نەچێ، قایم بێ لەبەر ئەوەی ووردەی نۆترۆن لەدوای وێك كەوتنی بچێتەوە ناو بۆمبەكە و كاری ڕاكێشان بە هۆی دیوارەوە ئەنجام نەدرێ و سەریەك بكەوێ و وورده نۆترۆن لە دیوارەوە رەدبێ كە لەئاكامدا دژكردەوەی زنجیرەیي نایێتە ئاراوە. پۆلآ (پێكهاتەیەكە لە ئاسن و ١/٧ لەسەد كەربۆن) بە تەنیا وەك دیوارە بۆ پاراستن وەلآمدەرەوە نییە، لەبەر ئەوە ئەو مادەیە لەروانگەی فیزیكیەوە خاوەنی تایبەتمەندی توندی راكێشان و راوەستاوەیي بووە كە لە فیزیكدا پێی دەگوترێ(الاستیكی) و بە هۆي ئەونەوعە ئاسنە خاوەنی مادەی خۆراگر نییە. لە لایێكی دیكەوە(جۆری دووهەم) بە هۆی ئەوەی كە پۆلآ لەروانگەی فیزیكی خاوەنی ئیمتیاز گەلێكی تایبەتە، هاورێ لەگەڵ مادەی ئاسنی دیكەی وەكو نیكل، كرۆم، ئانتیمۆن، مولیبدون و هتد.. ئاسنێكیان لێ دروست دەبێ كە وەلآمدەرەوەی خواستەكانی پێویست بۆ دروستكردنی بۆمبی ئەتۆم بێ. یەكێك لەو رەوشانە كە تا ئێستا زۆر ئاسایي بوو. ئەوەیە كە پۆلآی وەكوو تۆز دەرهێناوە و لەگەڵ هێندێك لەمادەی ئاماژە پێكراو لەپلەی زۆر خواری سەرما، (لەگەڵ ژێرمنەكانی ٢٠٠ پلەی سانتیگراد) لەگەڵ یەكەدا تێكەڵی دەكەن. ئاكامی كارەكەدوایە بە شێوەی زەمەنی یانی لەفاسیلەی كاتی دیاریكراو پلەی ئەو تێكەڵە تا ١٠٠٠ پلە و زیاتریش زیاد دەكەن كە بەرهەمی ئەو كارە ئالیاژێكە زۆر قایم و خۆراگر. رادەی لەسەدی مادەی بەكارهاتوو لەئالیاژدا، رادەی پلەی گەرمی سەرەتا و كوتاییە و هەروەها ئەوەی كە لە چ كاتێكدا دەست دەكا بەزیاد كردنی قوناغی پلەی گەرمی، لەنهێنیەكانی پێشەیي و نیزامیە و تا ئێستا زیاتر لەچەند وەلآتی دیاریكراو لەجیهان دا وەلآتی دیكە دەستیان پێی نەگەیشتبوو. ئەو ئالیاژە بە جۆری جیاواز لەگەڵ باقی ئاسنەواڵەی دیكە نە تەنیا لەدروستكردنی بۆمبی ئەتۆم بەڵكو بۆ ئامادەكردنی چوارچێوەی سانتریفوژەكان و مووشەك گەلی دوورهاوێژ و دروستكردنی.......

پاشماوە ل16

باقی کە ڕەستەگەلی جەنگی و پیشەیي کاراییکی زۆری هەیە. ڕەوشگەلێکی دیکە کە ئەمڕۆ بۆ دروستکردنی بەدەنەی پاراستنی بومبە ئەتۆمیەکان بەکار دەبردرێ، کەڵك وەرگرتن لە ئەلکترۆ موغناتیس و تەکنیکی لەیزەریە کە ئەوانەش بەشێك لە نهێنیەکانی نزامین.

چونیەتی مەهار کردنی شەپۆلەکان لەئاکامی تەقینەوەی ئەتۆم

ووردبوونەوە لەشەپۆلەکانی دروست بوو لەتەقینەوەی ئەتۆمی و ئاکام وەرگرتن لەبارەی هێزی تەقینەوە، بە پێی ئەوەی کە لەبارەی تاقی کردنەوەی ناوکەیي کورەی باکور ئەنجام درا و بەرهەمەکەی ڕوون بووە کە ئەو تەقینەوە زۆر هێواش بووە و لەوانەیە تەقینەوەییکی ناوکەیي نەبووبێ، تەنیا پێوەندی بە لێکۆڵینەوەی نیزامیەوە نییە. لەژئۆفیزیکدا بۆ ناساندنی لایەکانی تەختی عەرز (تا قولآیي بە لانی زۆر ١٠٠ میتر) ڕەوشێك هەیە کە لەڕینەوەی تێپەڕ بوو واتە (seismic refracion) پێ دەڵەن. لەو ڕەوشەدا لە شوێنێك دا لەزەوی مادەی تەقینەوە لەجۆری دینامیت بەرادەی چەند سەد کیلوگرام هەیە و لەماوەی ئەو زەمەنە چەند سەد کیلومیتریە دا، دەزگای ژماردنی شەپۆلەکان دادەنێن. تەقینەوەی مادەی ناوبراو دەبێتە هۆی دروست بوونی شەپۆلی لەرزە و بە تێپەڕبوون لە لایەکانی جۆراوجۆری زەوی و لەئاکامدا لێك کەوتنی لەگەڵ دەزگاکانی ژماردنی شەپۆلەکان، ئەو ئیمکاناتە دێتاراوە کە لەڕێگەی ناسینی شەپۆلە تێپەڕبووەکان لە بەشي جۆراوجۆری زەوی بناسێندرین. بەو پێیە هەر ویستگەییکی ژماردنی شەپۆل و بەجیاواز لەشوێنی تەقینەوە، بە سانایي دەتوانرێ تەوژم و هێزی تەقینەوە بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە.

لە دەیەی ساڵەکانی ١٩٥٠ دەوڵەتی ئەمریکا لەو ڕەوشە کەڵکی وەرگرت و ژمارەییکی زۆری لەدەزگاکانی لەرەگر، بە چۆنیەتی فیزیکی بەرانبەر(زیاتر لە ١٥٠ دەزگا) و هەر دەزگاییك هەڵگری ئەندازەی شەپۆل.



بۆ لای ڕۆژهەلآت و باکوور و باشور و قائیم) بە ناوی (seismologicalstandard system لەسەرانسەری جیهان (wmrldwide دامەزراند. ئامانج لەو هەنگاوە کونترول و تومار کردنی تەقینەوەی ناوکەیي وەلآتی شورەوی پێشوو بوو.

بارودۆخی ئێستای ڕژیمی ئێران لەپێوەند بە تەیاربوون بە بۆمبی ناوکەیی.

لەو بارەوە ڕاپۆرت و تەنانەت کتێبی زۆریش نووسراوە و هەمووان تا ڕادەیێك ئاگاداران. بەو هۆیەوە چاوێکی خێرا بە ڕەوشي ناوکەيي بوونی کورەی باکور خشێندرا و بە کورتی لەگەڵ بارودۆخی ڕژیمی ئێران بەرانبەریان دەکەین. ڕژیمی ئێران بە لانی کەمەوە سێ ساڵ دوای شۆڕش بڕیاری دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی دەرکرد. ئامادەسازی و بە شێوەییکی گشتی کارکردی ڕژیم لەو پێوەندییە دا و لەماوەی ڕابردوو دا زۆر سەرتایي و ونەزانانە بووە. کاتێك سێ پاسداری تێ نەگەیشتو لەوکاتە دا لەگەڵ شارەزایێکی دۆزەرەوەی سەرچاوەکان پێوەندییان گرت و پرسیاریان لێکرد ( ئەگەر ئۆرانیومی پێویست لەوەلآت بدۆزرێتەوە، چۆن دەتوانین بۆمبی ئەتۆمی لێ دروست بکەین؟) بۆ خۆی نیشانەی چۆنیەتی کارکردی ئەو ڕژیمەیە لەو پێوەندییەدا. لەدوای نەمانی یەکیەتی شورەوەی ، ڕژیمی ئاخوندی دەستە و دامێنی کارناسانی بێکارکراوی ڕوسیە(یەکیەتی سۆڤیەت) و بە تایبەت ئۆکراین بوو وە ئەوانی بە نهێنی بە کرێ گرت. بەهاوکاری ئەو کارناسانە لە پلۆتۆنیومی پالیوراو تا بریلیوم و کەرەستە و دامەزراوەی مکانیکی بە نرخی گرانی لەوەلآتانی ناوبراو کری، بێ ئەوەی کە ئامانج و کارکردی زۆرێك لەو مادە و کەرەستانە بۆ بەرێوەبەرانی ڕژیم ڕوون بێ. تەنیا بەڵێنی خاوکردنەوە بۆ ڕژیم ئەوە بوو کە ئەو کەرەستانە بۆ دروستکردنی بۆمبی ئەتۆم زەرور و پێویستە.

بەو شێوەیە ڕژیم بۆ دەست خستنی ئەو کەرەستانە ئامادەی دانی هەر نرخێك بوو بیدا. وەلآتانی چین و کورەی باکوور لەو بارودۆخە کەڵکیان وەرگرت و لەو سفرە پان و بەرینەدا تا توانیان کەڵکیان وەرگرت. زیاتر لەسێ میلیارد دۆلار لەسایەتە جۆراوجۆرەکانی زەرەند و کاشان و پارچین و تاران و ئیسفەهان و باقی دیکە خەرج کراوە.

نمونەییکی دیکە، وەلآتی پاکستانە کە سانتریفۆژ گەلێك کە خۆی نیزیك ١٥٢٠ ساڵ پێش ئێستا بۆ پالآوتە کردنی ئۆرانیومی بە کار هێناوە، فرۆشتویە بە ڕژیمی ئێران کە هەر ئێستا ئەو دەزگا پلە دووانە بە تەعمیرکردنەوەیان، کاری پالآوتە کردنی ئۆرانیوم دەکەن. پێمان وایە کە ئەو ڕژیمە یان ئۆرانیومی پالیوراوی بە گوێرەی پێویست لەئیختیار دایە و ئەو سانتریفۆژانەی هەیە وەیان ئەوەی کە سانتریفۆژە پلە دووەکانی پاکستان و لەوانە لەشێوەی ئەوان ڕژیم دروستی کردبێتن و بۆ خۆی سەرقاڵی پالآوتە کردنی ئۆرانیوم بێ تا گەیشتن بە بۆمبی ئەتۆم. ئەگەر وەهایە و ئامانجی ڕژیم ئاشتیخوازانە بووە، ئیتر بۆ چي وزەی ئەتۆمی لەئیختیار دامەزراوەییکی نیزامیدا بوو کە ترۆریست بوونی بۆ کەس گومانی نەهێشتۆتەوە.



# زانیاری گشتی

## ئایە دەزانی

- ☺ کە لاوازترین هەستی بۆن کردن لە باڵندە دایـــــە!
- ☺ کە مێشکی پیاو لە هی ئافرەت قورســــــــــــــــترە
- ☺ لەساڵی ١٩٤٥ ز دا هیتلەر خێزانی خۆی کوشـــــــت و خۆشی کوشت
- ☺ ئافرەتێك لەبەریتانیا کەشوی کرد تاکو مرد ٦٢ منداڵی بوو.
- ☺ کە ووڵاتی لوبنان بە سێو بەناوبانگە
- ☺ کە ووڵاتی هۆڵەندا بە گوڵ بەناوبانگە
- ☺ کە ووڵاتی فەڕەنسا بە عەتر (( بۆن)) بەناوبانگە
- ☺ لەساڵی ١٦٥٢ز دا لەشاری رۆمای پایتەختی ئیتالیا یەکەم ڕۆژنامە لە جیهاندا دەرچوو.
- ☺ کاسی جیهانی کێشەکەی ٥کگم،ە ودرێژیەکەشی ٣٦سم،ە و عەیاری زێڕەکەشی ١٨ یە.
- ☺ گیانەوەرێك هەیە لەباشووری ڕۆژئاوایی ئەمریکا کە ناوی کاراگارۆ ، یەو هەرگیز لەژیانی دا ئاو ناخواتەوە

## دنیا دووڕوە لەبەرامبەر کورددا



ئیسماعیل بێشکچی کۆمەڵناسی بە ناوبانگی تورك تەئکید دەکاتەوە لەوەی کە بە بێ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی هیچ برایەتی کورد و نەتەوەکانیتر لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نایەتە دی.

بێشکچی لە نوێترین بابەتی خۆیدا کە بە بۆنەی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆوە بلاوی کردۆتەوە رەخنەی توند لە سیاسەتەکانی یەکێتی ئەوروپا و تورکیا و چەندین ولاتی دیکەی جیهان دەگرێت لە بەرامبەر نەتەوەی کورد و دەڵێت:دنیا باسی ئەوە ناکات کە فەلەستینییەکان دەتوانن لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئیسرائیلدا لەگەڵ جولەکەکاندا بە شێوەیەکی برایانە بژین ،بەڵام ئەمە بەسەر کوردەکاندا فەرز دەکات و ئەمەش نیشانەی دوڕویی سیاسەتی جیهانیە. ئیسماعیل بێشکچی ئەوەش دەڵێت کەژمارەیەك لەوڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا و تورکیا دانیان بە سەربەخۆیی هەرێمی کۆسۆڤۆدا ناوە کە ژمارەی دانیشتوانەکەی ناگاتە دو ملیۆن کەس بەڵام داوا لە چل ملیۆن کورد دەکەن کە لە چوارچێوەی دەوڵەتەکانی ناوچەی خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا بژین و پێیان دەڵێن کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی خەیاڵە. ئیسماعیل بێشکچی ئەوەش دەڵێت کە هاولاتیانی زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە لە کاتی جەنگی ئەمریکا لە دژی عێراق بوبونە کەسانی ئاشتی خواز و لە دژی جەنگ خۆپیشاندانیان دەکرد و تەنانەت دژایەتی ئیسرائیل دەکەن سەبارەت بەوەی کە لەشکرکێشی دەکاتە سەر کەرتی غەزە بەلام کاتێك تورکیا هێرش دەکاتە سەر هەرێمی کوردستاان کەس فزەی لێوە نایەت و ئاشتی یان لە بیر دەچێتەوە..

## دارستانێک لەژێر زەوی دا

لەوڵاتی سعودیە مێرگێك بەناوی "واحە" لەژێر زەوی دا دەدۆزرێتەوە. کۆمپانیایەکی سعودی بەناوی ئارامۆ ڕای گەیاند کە دارستانێکی چڕو پڕیان دۆزیوەتەوە . ئەم مێرگە لە خوارو لەخۆرئاوای ناوچەی ئەحسای ئەو ووڵاتەدا دۆزراوەتەوە. دارەکانی ئەم مێرگە پێك هاتبوون لە داری خورما.....................



## بەرەی کوردستانی لەپێویستییەکی هەنوکەییەوە بۆ بازاڕ گەرمی و خۆ ڕانانی سیاسی



**مەریوان نستانی**

کاتێک باسی بەرەی کوردستانی و پێکهێنانی ئەو بەرەیە دەکرێ، هەموو هێزەکان دەبنەخاوەنی و هەموویان دەبنە تیئوریسیەنی ئەو بیرۆکەیەو واباس دەکەن لەپێش ئەواندا کەس باسی بەرەی نەکردووە! بەڵام کە دەگاتە سەر پێناسەی بەرە هەرکام پێناسەیەکی جیاوازی هەیە، کە لەگەڵ بەرژەوەند و سیاسەتەکانی حیزبی خۆی تەبایەو زۆریشی ئەوانەی دیکە بەلاوە گرینگ نییە. لەهەر کەس و لایەنێکی سیاسی پرسیار دە کەی بەشێوەیەکی ئەرێنی وەلام دەداتەوەو پێویستی پێکهێنانی بەرە دووپات دەکەنەوە هێندێک جاران باس لەهەوڵ و دەسپێشخەریەکانی خۆشیان دەکەن! بەڵام بۆچی هەتا ئێستا بەرە پێکنەهاتووە؟ ئایا حیزب و لایەنەکان جۆرێک قسەدەکەن و کار و کردەوەیان جۆرێکی دیکەیە؟ ئایا پێکهێنانی بەرە هەر بەقسە خۆشەو پێکهێنانی کردەیی نییە؟ ئایا پێکهێنانی بەرە وەک زۆر دروشمی دیکەی حیزبەکان هەر قسەیەو هیچی دیکە؟ ئایا بەرەی کوردستانی تەنیا بۆ بازارگەرمی سیاسی و ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەری گەلەکەمان بەکار دێ؟ ئایا حیزبەکان هەرکامیان بێجگە لەخۆی ئەوانی دیکە نابینێ؟ ... هتد

پاشماوە ل 18

دەکرێ لەو پێوەندی‌یەدا زۆر پرسیاری دیکەش بوروژێندرێن، ئەوەی گرینگە وەڵامی هەرکام لەو پرسیارانەیە، کەبەداخەوە دەتوانم بڵێم وەڵامی زۆربەی ئەو پرسیارانە ئەرێنین.

## گرینگی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان

پێویستی و گەرمیی باسی بەرەی کوردستانی لەبەرز بوونەوەی هەستی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان سەرچاوە دەگرێ کە ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر و بەهێزتر دەبێ، لاوانی کورد چ لەدەرەوە و چ لەناوەوەی کوردستان زیاتر هەستی یەکیەتیی و لێک نزیکبوونەوەیان لەلا بەهێز دەبێ، کەئەمەیان ئاماژەیەکی ئەرێنی‌یە بەداهاتوویەکی گەشی یەکدی قەبوڵکردن و هاوکاری نێوان لایەنە جیاوازەکان! حیزبەکان بن یان کەسایەتی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی. لەلایەکی دیکەوە بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی و هاوکێشە سیاسی‌یەکان وادەخوازن کورد خاوەنی گوتارێکی یەکگرتوو بێ بەتایبەت لەکاتێکدا کەچاوەڕوانی ئاڵوگۆڕ دەکرێ لەئێران دا ئەو وڵاتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لێهەڵکەوتووە، پێکهێنانی بەرەدە توانێ کۆمەڵێک گارانتی بۆ خەڵکی کوردستان پێ‌بێ و لەهەمان کاتدا دە توانی ببێتەگارانتی وەدەسهێنانی زۆرمافی دیکەی خەڵکی کوردستان کە لەنەبوونی بەرەدا ناتوانێ وەدەستیان بهێنێ، قورسایی و دەسەڵاتی کورد لەدەسەڵاتی بەڕێوەبردنی داهاتووی ئێران دا مسۆگەر دەکا کە کوردستانیش ناوچەیەکی فیدراڵی ئەم وڵاتەدەبێ، هەروەها دەتوانێ ببێتەگارانتی‌یەکیش بۆ هەڵنەگیرسانەوەی شەڕی براکوژی لەنێوان هێزە کوردستانی‌یەکان دا. بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی دەتوانێ، لە هاوکێشە نێونەتەوەیەکانیشدا سەنگی کورد و پرسی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بەرەوژوور ببا و دەوڵەتانی بەجۆرێک پێوەندیداری ئەو مەسەلەیەو خاوەن بەرژەوەند لەو پرسەدا دەتوانن ئاسانتر و دڵنیاتر پێوەندی بگرن و حیساب لەسەر ئەم بەرەیەبکەن، لەلایەکی دیکەوەدەتوانێ وەک ئەلتێرناتیڤێکی کاتی بۆ ئیدارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی لێبکرێ، لەهاتنەئارای بارودۆخێک دا کەدەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان دا نەمێنێ، بەرەی کوردستانی لەباشوری کوردستان بەهەمووکەم و کوڕی‌یەکانیەوەئاکامێکی خراپی نەبوو و توانیشی هەتا هەڵبژاردنی پارلەمان ئیدارەی باشوری کوردستان بکا.

## هۆکارەکانی پێکنەهاتنی بەرە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان

سەبارەت بەم مەسەلەیەزۆر نووسراوەو گوتراوە، هەروەک پێکهێنانی بەرەئامانجی هەموو حیزبەکانەو بەقسەی خۆیان هەموویان دەسپێشخەری پێکهێنانی بەرەن، بەڵام لەڕاستیدا هەرکام لەپارتە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجۆرێک بۆتەلەمپەر لەبەردەم پێکهێنانی بەرەدا (هەر ئەوەندەدەڵێم و ئاماژە بە یەک یەکی حیزبەکان ناکەم لەبەر ئەوەی بابەتەکەزۆر درێژ دەکاتەوەو ڕەنگە هێندێک کەسیش نووسراوەکەی من بەمەبەستەوە بخوێنەوەو جۆرێکی لێکبدەنەوە کە مەبەستی مـــن نی‌یە)، بەبڕوای من هۆکاری سەرەکی ئەم مەسەلەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەرحیزبێک پێش بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی و نیشتیمانی، بەرژەوەندی حیزبەکەی خۆی لەبەر چاوە. بەداخەوە لێکدابڕان لەنێو هەموو حیزبەکاندا ڕویداوە و هاورێو هاوسەنگەرانی دوێنی، ئەمڕۆ حاشا لەخەباتی هاورێکانیان دەکەن و ناتوانن لەمەجلیسێک دانیشن کەهاوسەنگەرانی پێشویانی لێبن، لێکدابڕانی حیزبەکان وەک یە یەکێک لەهۆکارەسەرەکی یەکانی دواکەوتنی پێکهێنانی بەرە دێتە ژماردن، دەکرێ ئەم لێکدابرانانە زۆر هۆکاریان هەبن کە بەبڕوای من گرینگترین هۆکارەکانیان بریتین لەپاسیڤبوونی هەموویان و مانەوەیان لەدۆخێکی نەگۆڕی چەقبەستوو و لەهەمان کاتدا دابڕاوی و دووری لەجەماوەری گەل، خەبات بەشێوەیەکی ڕۆتینی و دووبارەبوونەوەی هەمان شێوازی کار و .. ژیانی ئۆردوگا نشینی و ... هتد. یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان وونبوونی ڕۆڵی کە سایەتی‌یە کاریگەر و سەربەخۆکانە، واتە بەداخەوە دەکرێ بگوترێ کە سایەتی‌یە سەربەخۆکان کەمترین ڕۆڵیان لەو مەسەلەیەدا هەیەو کە متریش وەخۆ کەوتوون بــۆ بــەڕۆژەڤ کردنی ئەو پرسە گرینگە.

## لێکدابڕانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لەبەر ئەوەی ئەم لێکدابڕانانە وەک هۆکارێکی سەرەکی و کۆسپێکی گەورەی بەردەم پێکهێنانی بەرەی کوردستانی دەبینم، بەکورتی و بەشێوەیەکی گشتیی ئاماژەیەک بەهۆکارەکانی ئەو لێکدابڕانانە دەکەم، بەڵام نامەوێ بەتایبەت باسی حیزبێکی تایبەت بکەم، سەرجەمی ئەو دابڕانانە چەند هۆکاری هاوبەشیان هەن کەبریتین لە: تەحەممول نەکردنی بیروباوەڕی یەکدی، جیاوازی سەلیقەی شەخسی بەرپرسانی ئەو حیزبانە، نەبوونی بنەمایەکی فیکری و ئیدیۆلۆژی بۆ پێناسەکردنی جیاوازی‌یەکانی نێوان دوولایەنی لێک جیابۆوە، دەسەڵاتخوازی و نەپرینگانەوەلە هەرکارێک لە پێناوی وەرگرتنەوە یان پاراستنی دەسەڵات، بەهێند نەگرتنی بیروبۆچوونی ئەندامانی سادەو دڵسۆزی هەموو لایەنەکان.
بەداخەوەئەم دابڕانانەبەجۆرێک کاریگەری نەرێنی‌یان خستۆتەسەر بیروبۆچوونی جەماوەری گەلەکەمان کەکەمتر هیوادارن بەوەی کەحیزبەکان بەو بارودۆخەی بۆخۆیانی تێدان بتوانن کارێک بۆ خەڵک بکەن! هەرکام لەو لایەنانەخۆی بەتاکەسواری مەیدان و خاوەن ماف دەزانێ و لایەنی بەرامبەری بەختەتابار و کۆسپی بەردەم پێکهێنانی بەرە یان هەر کارێکی بەکۆمەڵ دەزانێ، هێندێک لایەن لایەنەکەی دیکەی هەمان حیزب قەبوڵ ناکەن و پێش مەرجیان بەشدار نەبوونی هاوسەنگەرانی دوینێی خۆیانە، بەڵام دەتوانن لەگەڵ گروپ و کەسایەتیی قەت ناو نەبیستراو و بێ‌کاریگەری لەسەر ڕوداوەکانی پێوەندی‌دار بەکوردستان و هەتا ئێرانیش کاری هاوبەش بکەن و بچنە ئیتیلاف و بەرەی هاوبەشەوە. وایلێهاتووە هێندیک لایەن سەرکەوتنی خۆیان لەتێشکانی لایەنی بەرامبەری خۆیان واتەهاوسەنگەرانی دوێنی‌ی خۆیاندا دەبیننەوە، ئەوەیان بێجگە لە هەڵەیەکی مێژوویی ناتوانم هیچ ناوێکی دیکەی لەسەر دابنێم. فرەحیزبی بۆخۆی دیاردەیەکی ئەرێنی‌یە، بەڵام فرەحیزبی تەبا و وێکهەڵکردوو نەک ئەو فرە حیزبی‌یەی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمانە، هەرحیزبێک لانیکەم بۆتەدوو حیزب و هەمان ستراتیژ و بەرنامە بەڕێوەدەبەن بە هێندێک جیاوازی لاوەکی و نا ئەساسی‌یەوە، زیانەکانی ئەم پەرت و بڵاوی یەزۆرن و زەقترینیان بریتی‌یەلەوەی کەهیچ کەس و لایەنێکی دەرەکی ناتوانێ خاوەنی ئەسڵی کێشەی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان ببینێتەوەو دیالۆگی لەگەڵ بکا، کە لەڕاستیدا هەموو حیزبەکان پێکەوە بەنوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان خاوەنی ئەم پرسەن.

## ئاکامی کۆتایی

پێکهێنانی بەرە، بابەتێکی گەرم و پێویستی ئێستای خەباتی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، هیچکام لە لایەن و حیزبەکان ناتوانن بەئاشکرا دژی پێکهێنانی ئەم ویستەی خەڵک ڕاوەستن بەڵام بەداخەوە کەمیان بێ پێشمەرج و بەداخەوە هێندێک جاران پێشمەرجی بێ‌مانا ئامادەن بچنە پڕۆسەیەکەوە کە ڕەنگە% بەقازانجی خۆیان نەبێ بەڵام بێگومان لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و پرسە ڕەواکەی دایە، بۆیەڕاشکاوانەدەلێم مەگەر ڕوداوێکی گرینگ و گۆڕانێکی حەتمی لەئێران دا بێتەپێش ئەگەر نا پێکهێنانی بەرەلەداهاتوویەکی نزیکدا بەدوور دەبینم، من بەو ئاکامەگەیشتووم ئێمەی کورد هەتا ناچار نەبین ناتوانین پێکەوەبگونجێین و وێکهەڵکەین، نموونەی زیندووش حکومەتی یەکگرتووی! باشوری کوردستانە، هەتا دەرفەتیان هەبوو و بۆیان کرا شەڕیان کرد، بەڵام کاتێک ناچاربوون و



# ســــــودوكـــو ( 数独, *sūdoku* , Suduko )

**جەلال خۆشكەلام**

## خوێنەرانی خۆشەویستی گۆڤاری ساوان!

ئێمە بە فێرکردنی یاریەکی فکری، کە سەرگەرمیەکی زۆری دەوێ ئاشناتان دەکەین. ئەم یاریە نایەبە ناوی سودوکوەوە، و بۆیەکەم جار لە ئەمریکا دۆزرایەوە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٠ دا، بەڵام ئەم یاریە هیچ ئەهمیەتێکی ئەوتۆی پێنەدرا. لەساڵی ١٩٨٠ دا ئەم یاریە لە ژاپۆن سەری هەڵدایەوە و هەر لەوێش ناوی لێنرا سودوکو، ناوی ئەسڵی سودوکو ش کورتکراوەی مانای ڕستەیەکی ژاپۆنیە بەمانای " ژماریەکی بێ دووبارە بوونەوە". دواتریش ئەم یاریە لە ئەڵمانیاو وولاتانی تری ئوروپا پەرەی ساند بەشێوەیەک کە لە سەدا ٦٠٪ی خەڵکی ئەو وولاتانە ئەم یاریە دەزانن و خۆیانی پێوە سەرگەرم دەکەن.

ئەم یاریە بریتی‌یە لە جەدوەلێکی چوارچێوەیی، کە لەناو ئەو چوارچێوەش دا ٣ زەربی ٣، چوارچێوە هەیە. واتە لەناو چوارچێوەی گەورەدا بەشێوەی ئاسۆیی وەبەهەمان شێوەش بەشوێوەی ئەستونی. دەبێ لەناو هەریەک لەم چوارچێوە بچوکانەدا لە ١ وە تا ٩ ژمارەی بێ دووبارەوە بوی تێدابێ، بەم شێوەیە: نموونەی یەکێ لەو چوارچێوە بچووکانەی کە لەناو چوارچێوە گەورەکەدان...

| | | |
|---|---|---|
| ٢ | ١ | ٩ |
| ٧ | ٥ | ٣ |
| ٨ | ٦ | ٤ |

بەم شیوەیە هەرسێ ٣ زەربی ٣ ی چوارچێوە بچوکەکان پڕ دەکەینەوە، لەپاشانیش نابێ ئەم ژمارانە لەگەڵ هێڵی سەرەکی چوارچێوە گەورەکە واتە هەم بەشێوەی ئاسۆیی وە هەم بەشێوەی ئەستونی نابێ دووبارە ببنەوە، بەڵکو دەبێ بەشێوەیەکی وابێ ئەمانیش لە ١ ئەوە تا ٩ ژمارەی بێ دووبارەوە بوو لەخۆ بگرێ.

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ٥ | | | ٣ |
| | | | | | | | | ٤ |
| ٨ | ٦ | | | ٣ | | | | ٢ |
| ٩ | ٧ | | | | ٢ | | | |
| | | | ٨ | ٥ | | | | |
| | ٤ | | | | | | ٣ | |
| | | ١ | | ٢ | | ٥ | | |
| | | ٥ | | | | ٧ | ٩ | |
| | | | | ٨ | ٤ | | | |

لێرەدا یاریەکە بە بەتاڵی دادەنێم ، واتە پێش ئەوەی پڕکرابێتەوە، ئەو ژمارانەی کە بەسووریش نووسراون ئەوە بۆ ئاسانکاریە، کە لەهەموو یاریەکی سودوکو دا دەبێ هەندێ ژمارەی

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢ | ١ | ٩ | ٤ | ٦ | ٥ | ٨ | ٧ | ٣ |
| ٧ | ٥ | ٣ | ٢ | ٩ | ٨ | ٦ | ١ | ٤ |
| ٨ | ٦ | ٤ | ٧ | ٣ | ١ | ٩ | ٥ | ٢ |
| ٩ | ٧ | ٦ | ٣ | ٤ | ٢ | ١ | ٨ | ٥ |
| ١ | ٣ | ٢ | ٨ | ٥ | ٩ | ٤ | ٦ | ٧ |
| ٥ | ٤ | ٨ | ١ | ٧ | ٦ | ٢ | ٣ | ٩ |
| ٣ | ٨ | ١ | ٩ | ٢ | ٧ | ٥ | ٤ | ٦ |
| ٤ | ٢ | ٥ | ٦ | ١ | ٣ | ٧ | ٩ | ٨ |
| ٦ | ٩ | ٧ | ٥ | ٨ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ |

لێرەدا نموونەیەکی تەواوی سودوکو دادەنێم بە پڕکراوەیی، ئەو ژمارانەی کە بە سوور نوسراون ئەوە لە سەرەتاوە دەنووسرێن و بەپێی ئەو ژمارانە تۆ خانەکانی تر پڕدەکەیەوە. ئە ژمارانەی کە بەرەنگی ڕەش نووسراون ئەوە ئەو ژمارانەن کە خۆم بە یارمەتی ژمارە سوورەکان ڕێکم خستوون.

ئازیزان گۆڤاری ساوان هەرجارەی گۆشەی سودوکوی دەبێ لەبەشەکانی داهاتوویدا. لێرەدا یەکەم سودوکو ی ساوان چاپ دەکەین بەو هیوایەی خوێنەرێکی زۆر وەڵامەکەی بدۆزنەوە. تکایە هەرکەس وەڵامی تەواوی زانی وەڵامە ڕاستەکە بنێرێ بۆ مەیل ئەدرەسی تایبەتی ساوان. تکایە ناوی خۆتان بە تەواوی بنووسن بۆ ئەوەی بتوانین لە ژمارەکانی داهاتودا ناوی بەڕێزتان تۆمار بکەین.

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ٥ | | ٣ | | | | |
| | | | ٥ | | | | | ٧ |
| | | ٤ | | | | | ٣ | |
| ٧ | | | | ٦ | | | ٢ | |
| ٩ | | | | | | ٤ | ٧ | |
| ٦ | ٤ | | | ١ | | | | |
| | | | | | ٨ | ٣ | | |
| | | | | | ٣ | ١ | | |
| | ٦ | ٨ | | | ٤ | | | ٥ |

# ساوان SAWAN




خوێنەری خاوەن هەست و سۆز ، کوردزمانانی دڵسۆز!

ساوان،نۆبەرەی بەهاری پڕ لە گوڵ و خونچە و چرۆی رۆژنامەوانی،نوخشەی هەڵاڵە و بەیبوون و نێرگزو نەستەڕەن هەزبێی لوتکە بەرزو دڵگیرەکانی ( سەرتوون و وەزەنێ و بەدەکڵ و کەلیخانە .) مەزارگەی شەهیدانی سوورخەڵات و ئۆخژن و سوکنایی دەروونی دایکی دڵ پڕ لەتاسەی رۆڵەی گۆرغەریبە . پرێسکەی دڵی پڕ لەکوڵی ئەویندارانە . کۆرەپانی شایلۆغان و رەشبەڵەکی ووشە و رستە و بەستەی رەسەنی کوردیە . ژوانگەی ئەویندارانی وێژە وئەدەبە . هەوارگەی هۆگرانی راست بێژی و دەربڕینی هەست و سۆزە .! دڵنیان کە نەورۆزانەکەمان (گۆڤاری ساوان) بێ هەڵە و پەڵە نی یە ، بەڵام ئێمە شوانکارەی بناری کێوەکانی دەوروپشتی ساوانین و پێشینانیش وتوویانە: دیاری شوانی ئاڵەکۆکە. وەک دەستەی نوسەرانی ساوان داوا لە هەر کوردێکی دڵسۆزو خاوەن قەڵەم و بەهرە دەکەین بەناردنی رەخنە وپێشنیارو بەبەت و بەرهەم ، لە بەرێوەبردنی ئەم گۆڤارەدا هاریکارمان بن !.